گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper14
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/٢٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٣/٢٨
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوە کوردییەکان لە گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایک و باوکانەوە

**کارزان جەمال حسێن[1] - کەریم شەریف قەرەچەتانی[2] - کاروان محمد حسن[3]**

karojmal@gmail.com - kareem.abdulla@univsul.edu.iq - karwan.hasan@univsul.edu.iq

[1]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[3]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گەشەپێکردنی بەها پەروەردییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایک و باوکانەوە، هەروەها زانینی کاریگەری ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانە و دیاریکردنی ئاستی کاریگەرێتیەکەی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، جۆری باخچە)، پاشان دەستنیشانکردنی گرنگتین لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکروەکان لەسەر منداڵ. توێژەر ڕێبازی وسفی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتوە لە دایک و باوکی منداڵانی قۆناغی باخچە لە ناوەندی شاری سلێمانی، نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەرەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، کە خۆی لە (٣٥٠) دایک و باوکدا دەبینێتەوە، ئامرازی بەکارهاتو بریتییە لە فۆرمێکی ڕاپرسی کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە و لەلایەن دایک و باوکی منداڵانەوە وەڵام دەدرێتەوە. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەپیکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە، هەروەک دەرکەوت کە گۆڕاوی (ڕەگەز) و (جۆری باخچە) هیچ ڕۆڵێکی نییە لە کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لەسەر منداڵانی باخچە لەڕوانگەی دایک و باوکانەوە کەواتە کاریگەرییەکە لاسەر منداڵانی کچ و کوڕ وەک یەکە بەهەمان شێوەش کاریگەریەکە لەسەر منداڵانی باخچەی حکومی و تایبەتی وەک یەکە. هەروەها بەپێی

ئەنجامەکان گرنگترین ئەو بەها باشانەی منداڵان فێری دەبن لە فیلم کارتۆنەکانەوە بریتییە لە بەهای (تەندروستی-پاکوخاوێنی-ڕێزگرتن)، و گرینگترین ئەو ڕەفتارە خراپانەی منداڵان فێری دەبن لە فیلم کارتۆنەکانەوە بریتییە لە ڕەفتاری (سوکایەتی پێکردن– جنێودان-درۆکردن)

**کلیلە وشەکان:** فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو، بەها پەروەردەییەکان، منداڵ، باخچەی منداڵان.

**پێشەکی:** یەکێک لەو چینانەی کە ڕاگەیاندن هەوڵدەدات زیاتر گرنگی پێبدات چینی منداڵانە، چونکە منداڵ بە چەقی گۆڕانکاری کۆمەڵگە ئەژماردەکرێت، لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەسەندنی ڕاگەیاندندا پسپۆڕانی بواری پەروەردەو و ڕاگەیاندن لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا گرنگی زیاتریان دەدا بەو بەرنامە و بابەتانەی کە تایبەت بون بە منداڵان، چونکە تەلەفزیۆن زۆربونی بەخۆیەوە بینی و زۆربەی ناوچەکانی جیهان تەلەفزیۆنی تێدا بڵاوبۆیەوە و زۆربەی ماڵ توانای کڕینی ئەم ئامێرەیان هەبو. پاش گەشەکردنێکی زۆر و فراوانبونی بابەت و پرۆگرامەکانی تایبەت بە منداڵان، کەناڵی تایبەت بە منداڵان دامەزرا، کە بەرنامە و بابەتەکانی تایبەت بو بە منداڵان و ئاراستەی ئەو چینە دەکرا، کە ئەمەش لە کۆتایدا بوە هۆی ئەوەی کە منداڵان زیاتر پەیوەست بن بە تەلەفزیۆن و بەرنامەکانی. بەپێی ڕاپرسیەک کە (کۆمەڵەی هاوڕێیانی تەندروستی دەرونی قەتەری-ویاک) بڵاوکردۆتەوە دەرکەوتوە کە کاریگەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کاریگەری دایک و باوک زیاتر لەسەر منداڵ بەجۆرێک ڕێژەی کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەرمنداڵ (34%) لەکاتێکدا ڕێژەی کاریگەری دایک و باوک (32%) و پاشان کاریگەری قوتابخانە دێت بەرێژەی (14%). (Aljazeera.net). لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیەو هاوشێوەکانی لایەنێکی دیاریکراوی کاریگەری کەناڵەکانیان لەسەر منداڵ ڕونکردۆتەوە، ئەویش کاریگەری ئەو فیلم کارتۆنانەیە لەسەر گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی قۆناغی باخچە، منداڵ لە قۆناغە سەرەتاکانی ژیانیدا لەڕوی ڕەفتارییەوە بەدوای کامڵبوندا دەگەڕێت بۆیە هەر کەناڵ و هەر هۆکارێک هەبێت بۆ بەهێزکردن و گەشەپێکردنی ئەم لایەنەی ژیانی، منداڵ گرنگی پێدەدات و کاری تێدەکات لەم ڕوشەوە (فیلم کارتۆنەکان) یەکێکن لە سەرچاوە دەوڵەمەند و فراوانەکان بۆ منداڵ بۆ وەرگرتن و فێربونی بەها جۆراوجۆرەکان.

**کێشەی توێژینەوەکە:** وەکو ئاشکرایە لەسەردەمی ئەمرۆماندا ڕاگەیاندن، بەتایبەتی ڕاگەیاندنی بینراو و جوڵاو یەکێکە لە بابەتە بڵاو و سەرنجڕاکیشەکان لەدنیای پەخش و میدیایدا و بەتەواوی پەلکێشی تاک و کۆمەڵ دەکات بۆ ئاوێتەبون لەگەڵی و بەسەربردنی زۆربەی کاتەکانی لەگەڵیدا، ئەو بابەت و زانیاری و دیمەن و فیلم درامایانەی کە لەسەکۆ جیاوازەکانی پەخشکردن پیشاندەدرێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر وەرگر

و بینەر هەیە، بەتایبەت کاتێک کە بابەتە پەخشکراوەکە لەگەڵ حەزوخولیا و ئارەزوی وەرگر هاوئاراستە بێت. ئەوەی تایبەتە بە منداڵ تێبینی ئەوە کراوە کە ئەو بابەتانەی کە زۆرترین سەرنجی منداڵی لەسەرە لە ڕاگەیاندنەکاندا بریتییە لەو بابەت و بەرنامە و دیمەنانەی کە تایبەتن بە دنیای منداڵان خۆیان ئەوەی لە ئێستا زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن منداڵانەوە بریتییە لە فیلم کارتۆنە جۆراوجۆر و هەمەڕەنگەکان. ڕون و ئاشکرایە کە ئەو فیلم کارتۆنانەی پەخشدەکەن بەجۆرێک کاردەکەن کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبێت لەسەر منداڵ لەڕوی گەشەی ڕەفتاری و پەروەردەییەوە بە هەردو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی، چونکە هەر کۆمپانیا و کەناڵێکی بەرهەمهێنی فیلم کارتۆن فەلسەفە و ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە و لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە ئەم کاریگەریەش لە منداڵاندا قوڵتر و بەهێزترە، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا قۆناغی منداڵی قۆناغێکی هەستیارە لەڕوی وەرگرتن و فێربونەوە، بەگرنگترین قۆناغ ئەژماردەکرێت لە ژیانی مرۆڤدا. (سومەیە و یوسرا: 2019: 4). بەڵام ئەوەی لێرەدا گرفتە سەرەکییەکەیە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا هێشتا پرسی فیلم کارتۆن و کاریگەرییە پەروەردەییەکانی نەبۆتە پرسێکی گرنگ و لەبەرچاو ئەمە لەکاتێکدایە کە منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا هاوشێوەی منداڵانی کۆمەڵگاکانی دیکە هەمان بارودۆخ و ژینگەی پەروەردەیی هەیە بەهۆی سیستمی جیهانگیریەوە، و بەرکەوتەیە لەگەڵ هەمو گۆڕانکاری و گەشەکردنێکی تەکنۆلۆژی و زانستی. بەتایبەتی لەدوای ساڵانی (2000)ەوە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردی بەهەمو چین و توێژێکییەوە (منداڵانیش لەو چوارچێوەیەدا) ڕوبەڕوی شەپۆلێکی بەهێزی گەشەکردنی زانست و تەکنۆلۆژیابۆتەوە، بەجۆرێک کە وەرچەرخانێکی گەورە لە بارودۆخ و ڕەوتی ژیانی تاکی کوردیدا ڕویداوە.

**گرنگی توێژینەوەکە** : بەگشتی گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە:

**تەوەری یەکەم:** گرنگی تایبەت بە ڕاگەیاندن بەگشتی و فیلم کارتۆن بەتایبەتی و ڕۆڵ و کاریگەری ئەو فیلم کارتۆنانە لەسەر پەروەردەو ڕەفتار و بەهاکان لای منداڵ، کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەم جۆرە توێژینەوانەوە بەشێوەیەکی زانستی و سەلمێندراو کاریگەری ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانە بزانرێت لەسەر منداڵی کورد و هەروەها لەسەر بەها و ڕەفتاری بەگشتی چونکە ئەوەی تێبینیکراوە توێژنیەوەی لەم جۆرە ئەنجامنەدراوە و ئەم پرسە لای پسپۆڕان و توێژەران هێشتا گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەگەر گرنگیشی پێدرابێت بەشێوەیەکی زۆر سنوردار و کەمبوە، ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوانە لە کۆتایدا دەبێتە یارمەتیدەر بۆ دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکانی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەسەرمنداڵان، لە کۆتاییدا ئەم دیاریکردنەش ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ بەرهەمهێنەران و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بەبەرهەمهێنانی فیلم و درامای منداڵان بۆ باشکردنی کوالێتی بەرهەمەکانیان و کارکردن لەسەر لایەنە پەروەردەیی و ڕەفتارییەکانی ئەو فیلم کارتۆنانەی کە دۆبلاژی دەکەن یاخود بەرهەمیدەهێنن.

**تەوەری دوەم:** گرنگی تایبەت بە کۆمەڵگەو نمونەی توێژنیەوەکەیە کە بریتییە لە منداڵانی قۆناغی باخچە، چونکە ڕای زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردە و دەرونزانی ئەوەیە کە قۆناغی باخچەی منداڵان یاخود قۆناغی (منداڵیی زو) یەکێکە لە هەستیاترین و گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ هەروەک ڕۆسۆ پێیوایە، کە تەمەنی (3-6)ساڵی مرۆڤ ئەو تەمەنەنەیە، کە تیایدا هەمو چارەنوس و پاشەڕۆژی مرۆڤی تیایدا دیاریدەکرێت (شربل و ئەبی فازل :2004: 50).

**تەوەری سێیەم:** گرنگی تایبەت بە پرسی بەهاکان چونکە وەک زانراوە بەهاکان بەیەکێک لە چەمکە سەرەکییە گرنگەکان دادەنرێت لە بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ، یەکێکە لەو پرسانەی کە لە هەمو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، چونکە بەها پەیوەستە بە پەیوەندییە کەسییەکان و ڕۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئایینی و کلتورییەکان، دەتوانین بڵێین بەهاکان پێویستییەکی گرنگی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکە بۆ ڕێکخستن و تۆکمەکردنی کەسایەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەیدا بۆیە زۆربەی پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەرونزانی پێیانوایە کە بەها تایبەتە بە مرۆڤایەتی و یەکێک لە تایبتمەندییەکانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، واتە نەبونی بەها لە مرۆڤدا مانای لە دەستدانی ڕەگەزەکەیەتی وەک مرۆڤ. بێگومان منداڵیش بەهاکان وەردەگرێت لەو کۆمەڵگە و ژینگەیەی کە تیایدا گەورە دەبێت بەهۆی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە کە سەرچاوەکەی لە خودی کلتور و ئایین و ڕاگەیاندن و پەروەردەی ئەو کۆمەڵگەیەوە دێت.(ایناس :2000: 64-65).

## ئامانجی توێژینەوەکە:

١-دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە بەگشتی.

٢-دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گشەپێکردنی بەها پەرەوەردەییەکان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز).

٣-دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گەشپێکردنی بەها پەرەوردەییەکان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی (جۆری باخچە-حکومی/ئەهلی).

٤-دۆزینەوەی گرنگترین کاریگەریە باش و خراپەکانی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەسەر ڕەفتاری منداڵ لە ڕوانگەی دایک و باوکانەوە.

## سنوری توێژینەوەکە:

1- سنوری مرۆیی: بریتییە لە دایک و باوکی منداڵانی قۆناغی باخچەی منداڵان.

2- سنوری کاتی: توێژینەوەکە لە سالی خوێندنی (2022-2023)ئەنجام دراوە.

3- سنوری جوگرافی: بریتییە لە سەرجەم باخچەی منداڵانی ناو سەنتەری شاری سلێمانی.

## چەمک و زاراوەکان:

### فیلم کارتۆن:

**پێناسەی عوف**(٢٠١٧): بریتییە لە کۆمەڵێک وێنەی یەک بەدوای یەک، کە بەخێراییەکی دیاریکرو بەبەرچاوی بینەردا گوزەر دەکات، بەجۆرێک کە فێڵ لەچاوی بینەردەکات، کە بینەر بەشێوەی یەک پارچە و ڤیدیۆیەکی تەواو دەیبینین. (عوف: 2017: 115).

### بەهای پەروەردەیی:

**پێناسەی عبدالهادي**(2017): بریتییە لەو بیروباوەڕی چەسپاوی پەروەردەیی، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ خۆگونجاندن و هەستان بەڕۆڵی خۆی لەبەرامبەر خودیخۆی و ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژی. (عبدالهادی:2011: 20).

### منداڵ:

**پێناسەی ئۆکسفۆرد** (٢٠٠٦): زادەی مرۆڤی تازە لەدایکبوە تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، بە هەردو ڕەگەزی نێر و مێوە. (ئۆکسفۆرد:٢٠٠٦:٢٠٣)

### باخچەی منداڵان:

**پێناسەی بۆکانی**(٢٠٢٠): دامەزراوەیەکی فێرکردنی حکومی یان ئەهلییە، ئەو منداڵانە وەردەگرێت کە تەمەنیان پێش قوتابخانەی سەرەتاییە، ئەو ئۆرگانە بنەڕەتیەیە کە مناڵ لە ژینگەی ماڵ و خێزانەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی بەدەستهێنانی ژیانی تایبەت، بۆیە پێویستە ئەم ئۆرگانە تەواوکاری ماڵەوە بێت بەو چەشنەی منداڵ لەوێ هەست بە دڵنیایی و متمانە و ئارامی بکات (بۆکانی:٢٠٢٠: ٥٦).

**پێناسەی کرداری(کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان):**

بریتییە لە ڕێژەو ئاستی کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گەشەپێکردنی بەهای پەروەردەیی لای منداڵانی باخچە، بەو پلە و نمرەیە دەپێورێت کە لە نمونەی توێژینەوەکە وەردەگیرێت لەئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوانکارەکە.

**پێناسەی تیۆری (بەهای پەروەردەیی):**

بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەر و بنەما کە بە شێوەیەکی مەبەستدار یان بێ مەبەست لای منداڵان دروست دەبێت لە ئەنجامی پەخشکردنی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکاندا، کە کاریگەری دەکاتە سەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتە پەرورەدەییەکانیان.

## تەوەری یەکەم: فیلم کارتۆن

وەک ئاشکرایە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا فیلم کارتۆن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ژیانی منداڵان و هاوکارە بۆ وێنەکێشانی لایەنەکانی کەسێتی منداڵ، چونکە فلیم کارتۆن پێگەیەکی تایبەتی هەیە لای منداڵ لەبەرئەوەی فلیم کارتۆن ئەو هەمو خەیاڵ و ئەندێشە و بیرۆکانە لەخۆدەگرێت کە منداڵ لە خەیاڵیدا وێنەیان دەکێشێت، هەمو ئەو کارە سەخت و مەحاڵانانەی کە منداڵ ناتوانێت لە ژیانی ئاسایدا جێبەجێیان بکات لە فلیم کارتۆنەکاندا دەستەبەر و جێبەجێ دەبێت بێگومان ئەم پەیوەستبونە توندە بە فیلم کارتۆنەوە لەلایەن منداڵەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت و کاریگەری دەکاتە سەرمنداڵ لە زۆر لایەنەوە، ڕۆڵی دەبێت لە ئاڕاستەکردن و گۆڕانکاری لەڕەفتار و بیرکردنەوە و ئەندێشەو ڕۆشنبیری منداڵ بەهەردو ئاڕاستەی ئەرێنی و نەرێنی. گرنگترین ئەو بەرنامەو پرۆگرامانای کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زمان و باری دەرونی منداڵ بریتییە لە فیلم کارتۆنەکان چونکە منداڵان ماوەیەکی زۆر سەیریان دەکەن، دەکرێت بڵێین کە تەلەفزیۆن بە گشتی و فیلم کارتۆن بەتایبەتی ئەگەر کاریگەری لە دەمەزراوە پەروەردییەکان زۆرتر نەبێت کەمتر نییە چونکە لەئەنجامی توێژینەوە زانستییەکان ئەوە دەرکەوتوە کە تەلەفزیۆن و فیلم کارتۆنەکان کاریگەری زۆری لەسەر گەشەکردنی هەستەوەرەکانی منداڵ و زیادکردنی زانیاری و چەسپاندنی هەندێ بەها، چونکە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان ئاشکرا کردوە کە (50٪) ئەو زانیاری و شارەزاییانەی منداڵ وەریدەگرێت لەڕێگەی بینین و بیستنەوەیە.(قەرەچەتانی:2002: 131-132)

## ئەرکەکانی فیلم کارتۆن:

١-ئەرکی خۆشـــی وچێژبینین:- گەورەترین ڕۆڵ کە فیلم کارتۆنەکان دەیگێڕن بریتییە لە لایەنی کەیف خۆشـــی و چێژوەرگرتن، لە کاتێکدا دەبینین منداڵ بۆ ماوەیەکی درێژ بە بێدەنگی و بێ جوڵە بەدیار شاشەکانەوە دادەنیشن بەدڵ خۆشی و دەم بەخەندەوە بێ ئەوەی منداڵ هەست بەبێزاری و وڕبون بکات کە ئەمەش مەبەســتی ســەرەکی فیلم کارتۆنە. هەندێجار ئەو هەســتەی منداڵ پێیدەگات دەگوازرێتەوە بۆ دایک و باوک و بەخێوکاران بەوەی هەســـت بە ئارامی دەکەن کاتێک دەبینن منداڵەکانیان گەشـــتونەتە ئەوپەڕی چێژو کەیف خۆشی. و خۆشترین چێژ بینین لای منداڵانی هەمو دنیا لەو کاتەدایە کە بەدیار فیلم کارتۆنەکانەوە دادەنیشن (الزیان: 27:2012)

2-ئەرکی پەروەردەی و فێرکاری:- زۆربەی فیلم کارتۆنەکان هەوڵدەدەن بۆ ئامانجی پەروەردە و فێرکردنی منداڵ بەمەبەســتی گەشــەپێکردن و دروســتبونی ئەو بەهایانەی کە لەکۆمەڵگادا باون. هەر فیلم کارتۆنەکانن هەڵدەستن بە ئاراستەکردنی منداڵان لەڕوی ئادابی گشتی و ڕەوشتی بەرز و بەهای پیرۆز. کە زۆرجار دایک و باوک ناتوانن بەڕێگەی تایبەتی خۆیان ئەو ئامانجانە بەدیبێنن. گرنگترین ئەو بەهایانەش کە دەکرێت لەڕێگەی فیلم کارتۆنەکانەوە بڵاودەکرێتەوە بریتییە لە بەهای (ڕاستگۆیی-یارمەتی-بەزەیی-ڕێز). زۆرجار فیلم کارتۆنەکان دەبنە تەواوکەری پرۆســـــەی پەروەردەیی خێزانی بەجۆرێک کە هەندێجار دایک و باوک لە پرۆســـــەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا دەگەنە خاڵی کۆتایی لەڕوی توانا و لێهاتویی لە گەیاندنی پەیامی پەروەردەیی بۆیە زۆرجار فیلم کارتۆنەکان ئەو ئەرکە تەواودەکەن و بەهاوکاری دایک و باوک و پەروەردەکاران پرۆســـەکە بەرەو پێگەیشـــتن دەبەن. لەلایەکی ترەوە زۆرجار یارمەتیدەر و هاوکارن لە پرۆســـــەی فێربوندا بەتایبەت ئەو فێربونانەی کە پەیوەســـــتن بە پرۆگرامی خوێندنەوە کەزۆرجار فیلم کارتۆنەکان یارمەتیدەر و ئاسانکاری دەکەن بۆ ڕونکردنەوەی ئەو دەستەواژەو زانیاریانەی کە ئاســـان نییە بۆ مامۆســـتا و ڕاهێنەران لەڕوی تیۆری و پراکتیکیەوە بۆیە فیلم کارتۆنەکان ئەوئەرکە ئەگرنە ئەستۆ و لەڕێگەی دەنگ و ڕەنگ و وێنەی جوڵاوەوە، تێگەیشتنەکە ئاسان دەکەن. چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە تێگەیشتن لەڕێگەی بینین و بیستن و جوڵاندنەوە ئاسانترە وەک لە فێربون لەڕێگەی نوســـراو وێنەی وەســـتاوەوە. بۆیە لەهەندی ســیســـتمی پەروەردەدا لە وڵاتانی پێشــکەوتودا فیلم کارتۆنی تایبەت بە پرۆگرامی خوێندن بەرهەمدەهێنرێت وەک ئەو فیلم کارتۆنانەی تایبەتن بە ژمارە و پیت و ڕەنگ و ناوی شـــــتەکان. دیارترین ئەو زنجیرە فیلم کارتۆنە فێرکاریانە بریتین لە زنجیرەی (دۆڕا-قوتابخانە-خلونە-ڕۆبۆتی زانیاری).

3-<u>ئەركی هۆشـیاری</u>: زۆرجار فیلم كارتۆنەكان هەوڵ دەدەن بۆ فێركردن و ناسـاندنی منداڵان لە زۆربەی بنەما ڕەفتاری و ڕۆشـنبیری و هۆشـیاریەكان سـەبارەت بە بابەت و هەڵوێسـتە جۆراوجۆرەكان، بۆ نمونە هۆشـیاركردنەوەی منداڵان سـەبارەت بە بنەماكانی تەندروسـتی پاكوخاوێنی و خواردنی تەندروسـت و شـێوازی پۆشـینی جلوبەرگ بەپێی وەرزەكان. هەروەها ڕێكخسـتنی خەوتن و هەسـتان... هتد. بۆ نمونە لەگەڵ بڵابونەوەی ڤایرۆسـی كۆرۆنا چەندین گۆرانی و گرتەی ڤیدیۆیی فیلم كارتۆن بەرهەمهێنران كە تایبەتبون بە هۆشیاركردنەوەی منداڵان سەبارەت بە چۆنێتی خۆپاراستن و شێوازەكانی بەرەنگاربونەوەی پەتاكە.

4-<u>ئەركی ڕۆشـنبیری</u>: یەكێك لە ئەركەكانی فیلم كارتۆن ئەركی ڕۆشـنبیركردنی منداڵانە و هانیاندەدا بۆ كرانەوەی زیاتر بەڕوی دنیادا و ئاشـنابونی زیاتر بەلایەنە جیاوازەكانی مرۆڤایەتی و گەردون و سروشت بۆ نمونە زۆر فیلم كارتۆن بەرهەم هاتون كە تایبەتە بە ڕوداوە مێژوییە گرنگەكان كە ڕابردودا ڕویانداوە كە تیایدا منداڵان ئاشـنا دەكرێن بەو مێژوە و ڕوداوەكانی وەك زنجیرە فیلم كارتۆنی (كریسـتۆڤەر كۆلۆمبۆس). لەلایەكیترەوە فیلم كارتۆنەكان هەوڵدەدەن بۆ گەشـەپێدانی توانا عەقڵی و هۆشـمەندییەكانی منداڵان سەبارەت بە دەوروبەر و ژینگە و سروشت و جیهانی گیانداران وەكو زنجیرە كارتۆنی (سیمبا) و (ماوكلی) كە تایبەتن بە ئاشـناكردنی منداڵان بە جیهانە فراوانەكەی ئاژەڵان. هەروەها ئەو فیلم كارتۆنانەی كە تایبەتن بە مێژوی مرۆڤایەتی و دروسـتبونی ژیان و ئەو قۆناغانەی مرۆڤایەتی پێیاندا تێپەڕیوە. (شەریف:19:2019)

5-<u>ئەركی كۆمەڵایەتی</u>:- یەكێكی تر لە ئەركەكانی فیلم كارتۆن بریتییە لە ئاشـناكردنی منداڵان بە شـێواز و ڕەفتار و كلتوری كۆمەڵگاكەی بە جۆرێك منداڵ پەلكێش دەكات بۆ ناو كۆمەڵگاكەی بەشـێوەیەكی هونەری و زانسـتی. بەجۆرێك فیلم كارتۆنەكان هەوڵدەدەن لەڕێگەی ئاخاوتن و سـیناریۆكانەوە منداڵان فێری دابونەریت و كلتور و بەها باڵاكانی كۆمەڵگاكەی بكرێت زۆرجار فیلم كارتۆنەكان هەوڵدەدەن بۆ چاندنی كلتوری كۆمەڵایەتی دروسـت و ڕەفتاری كۆمەڵایەتی جوان لە ناخی منداڵاندا. بەتایبەت ئەو بەها و ڕەفتارانەی كە لەلایەن كۆمەڵگاوە پێشـوازی لێدەكرێت و ڕێپێدراوە، هەروەها دوریان دەخاتەوە لەو ڕەفتار و بەهایانەی كە لەلایەن كۆمەڵگاوە نەشـیاو و ڕێ پێنەدراوە كە ئەمەش لەكۆتایدا ڕەنگدانەوەی ئەبێت لەسەر خۆشەویستی و پەیوەستی تاك بەكۆمەڵگاكەی و كلتورو دابونەریتیەوە. (تمار:58:2006)

6-<u>ئەركی بانگەشـەكردن و بڵاوكردنەوە</u>:- یەكێكی تر لە ئەركەكانی فیلم كارتۆن یاخود بەرهەمهێنانی فیلم كارتۆن بریتییە لە پرسی بانگەشەو بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی جۆراوجۆر كە لایەنی بەرهەمهێنەر بڕوای پێیەتی بەمەبەست كار لەسـەر بڵاوكردنەوەی دەكات. چونكە دەكرێت ئەو بیروباوەڕە بە ئاسـانی لەڕێگەی

فیلم کارتۆنەوە لە ناخ و هۆشـــی منداڵاندا بچێنرێت بلە هەندێ فیلم کارتۆنەکاندا تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەندێ ئاماژەی تیدایە بۆ بانگەشـــەکردن و برەودان بە هەندێ بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای ئەوتۆ کە نەگونجاوە لەگەڵ کلتور و کۆمەڵگادا وەک بانگەشـەکردن بۆ گروپێک یاخود ئایدۆلۆژیەکی تایبەت بۆ نمونە دەکرێت لە ناوەڕۆکی ئەو فیلم کارتۆنانەدا کە هاوردەدەکرێت و دۆبلاژ دەکرێت بانگەشـــەی تێدا بێت بۆ مەســـیحی یان بێ باوەڕی یاخود ئایدۆلۆژیای هاوڕەگەزخوازی کە ئەمەی دواییان بە چڕوپڕی کاری لەســـەر دەکرێت بێگومان دوبارەکردنەوەی ئەم پەیام و ئاماژانە لە دور مەودادا کاریگەری ڕاســـتەوخۆی دەبێت لەســـەر بیروباوەڕی منداڵی کۆمەڵگەی کوردی کە بەگشـــتی کۆمەڵگەیەکی موســـڵمانن هەروەها دەبێتەهۆی شێواندنی ڕاستییەکان و بەلاڕێدابردنی منداڵان و هەرزەکاران سەبارەت بە بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام و دروستبونی گومان لای منداڵان و نەوەی داهاتو (خروبە: 10:2010). بەپێی توێژینەوەیەک کە لەوڵاتی کوەیت ئەنجام دراوە یەکێک لە ئەنجامە ســـەرســـوڕهێنەرەکان ئەوە بو کە لە (40%) منداڵانی کوێت زانیارییەکانیان ســـــەبارەت بە خوای گەورە و پێغەمبەر (د.خ) هەڵە و نادروســـــت و تەمومژاویە هۆکارەکەشـــی دەگەڕێتەوە بۆ بەرکەوتنی ئەو منداڵانە لەگەڵ فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکاندا کە زۆر دەستەواژەی بێ باوەڕی و دژە ئایینی تێدایە بۆ نمونە لە یەکێک لە زنجیرەکانی (سـیمپسـۆنەکان) باوکەکە دەڵێت، کێ دەڵێت خودا هەیە؟ ئێستا دەزانم خودا هەیە من خودام. (شەهدی :90:2010)

## کاریگەریەکانی فیلم کارتۆن لەسەر منداڵی باخچە

یەکەم: کاریگەرییە ئەرێنیەکانی فیلم کارتۆن لەسەر منداڵ:-

1-فیلم کـارتۆنـەکـان ڕۆڵیـان هـەیـە لـە پێدانی زانیـاری و دەوڵـەمـەنـدکردنی یـادگـەی منـداڵ، منـداڵان ڕۆشـــنبیرکردنیان لە بابەت و بوارە جۆراوجۆرەکاندا بۆ نمونە لە هەندێ فیلم کارتۆنەکاندا منداڵان ئاشـــنا دەکرێن بە پیت و ژمارە و ڕەنگەکان و وشـــــەکان یاخود هەندێ فیلم کارتۆن گرنگیدەدەن بە بوارەکانی جوگرافیا و مێژو و گیانلەبەران کە بیری منداڵان فراوان دەکات یادگەی پڕ زانیاری دەبێت ســـەبارەت بەو شتانە.

2-فیلم کارتۆنەکان پاڵنەرن بۆ فراوانکردنی بونیادی ئەندێشـــــە و بیری منداڵان هەندێ لە فیلم کارتۆنەکان منداڵان دەبەنە ناو دنیای خەیاڵ و فەنتازیاوە کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ فراوان کردنی مێشک و بیرکردنەوە، دەبینین هەندێ جار فیلم کارتۆنەکان منداڵان دەبەنە بۆشایی ئاسمان و شاخ و دۆڵ و قوڵایی دەریاکان کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ فراوانبون و گەشەکردنی خەیاڵ و ئەندێشە.

3-فیلم کارتۆنەکان بەتایبەت دۆبلاژکراوەکان هۆکارێکن بۆ پاراوبون و گەشـەکردن و کاملْبونی زمان لای منداڵان لەبەرئەوەی زمان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ گەشەکردنی مەعریفەی منداڵ کەواتە دەتوانین بڵێین فیلم کارتۆنەکان لەم ڕێگەیەشـــەوە هۆکارێکن بۆ گەشـــەی مەعریفەی منداڵ لەگەڵ ئەمانەشـــدا زۆرجار فیلم کارتۆنەکان هۆکارن بۆ فێربونی زمانی دوەم لای منداڵ (حولی: 9:2004)

4-فیلم کارتۆنەکان زۆرجار هۆکارن بۆ فێربونی هەندێ پێویســـتی دەرونی و هۆشـــی منداڵ و هەندێ لەڕەمەکەکانی منداڵ بەدیدەهێنێ وەک ڕەمەکی گەڕان و پشـکنین، فیلم کارتۆنەکان وا دەکەن منداڵ ڕۆژانە شتی نوێ ببینن کە ئەمەش هۆکارە بۆ دروستبونی حەزی کێبڕکێ و هەوڵ دان بۆ سەرکەوتن و بردنەوە.

5-زۆرجار فیلم کارتۆنەکان هۆکارن بۆ پێدانی زانیاری دروست و گرنگ بە منداڵ سەبارەت بە بیروباوەڕ و بنەماکانی ئایین و فێربونی ئادابی گشـــتی و چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ کەســـانی تردا. (طالب: 562:2019)

6-فیلم کارتۆنەکان گەشـــە بە توان عەقڵی و ڕەفتارییەکانی منداڵ دەکات ئەمیش لەڕێگەی فێربونی چەندین کارامەیی جۆراوجۆر کە یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتن و تێپەڕاندنی ئەو کۆسپ و لەمپەڕانەی لە داهاتو دێتە بەردەمیان (صالح :54:1981)

7-منداڵ لە ڕێگەی فیلم کارتۆنەوە زۆر لە بەها پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت یاخود گەشەی پێدەکات وەک بەهای (یارمەتیدان –قوربانیدان – خۆشەویستی –پاکوخاوێنی ....هتد) (حلومی :6:2013)

<u>دوەم: کاریگەرییە نەرێنیەکانی فیلم کارتۆن لەسەر منداڵ:-</u>

1-هەندێ جار فیلم کارتۆنەکان لەڕێگەی دیمەنی توند و تیژ و وشـــەڕەنگێزیەوە هانی منداڵان دەدات بۆ ڕەفتاری توندوتیژو لاسایکردنەوە و زیانگەیاندن بەخۆیان و کەسانی چواردەوریان. (حسن :١٩٨٧:١٤٠)

2-ســـەیرکردنی فیلم کارتۆن بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەبێتەهۆی کێشـــەی تەندروســـتی بۆ منداڵ بەهۆی تیشـکی شـاشـەکانەوە کە کاریگەری دەکاتە سـەر ئاسـتی بینین هەروەها بەهۆی زۆر دانیشـتن دەبێتەهۆی گرژبونی ماسولکە و ناڕێکی لە بڕبڕەکاندا.

3-دورکەوتنەوە لە ئاداب و ڕۆشـنبیری گشـتی کۆمەڵگە و کەوتنە ژێر کاریگەری ڕۆشـنبیری و جیاواز و نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردی و ئیسلامی.(سلمان:114:2005)

4-دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی چالاکی ڕەفتاری کە هۆکارێکە بۆ خەمۆکی و تەمبەڵی کە دواجار دەبێتەهۆی ئەوەی منداڵان کەمتر توانای یاریکردنی هەبێت لەکاتێکدا یاریکردن یەکێکە لە پێداویستیەکانی گەشەکردنی توانای جەستەیی و عەقڵی منداڵ.

5-سنوردارکردنی بیرۆکەی داهێنەرانە لای منداڵ ڕایان دەهێنێت لەسەر ئاسانی و سادەیی شتەکان و هیچ بوارێک نادات بە منداڵ بۆ شیکردنەوە و ڕەخنە و تێڕامان چونکە لە فیلم کارتونەکاندا ڕوداوەکان بە ئاسانی و بێ ماندوبون چارەسەر دەبێت پێویستی بە بیرکردنەوەی ورد نییە.

6-بەو پێیەی فیلم کارتۆن ناڕاست و دورە لە واقیع وا دەکات منداڵ لە خەیاڵ و پەنهاندا بژی و ئەو بڕوایە لای منداڵ دروست دەکات کە ژیانی ڕاستیش بەهەمان شێوەی فیلم کارتۆنەکان دەگوزەرێت (محمود: ١٩٩٦: 450-451).

7-زۆر مانەوە بەدیار شاشەکانەوە و فیلم کارتۆنەوە دەبێتەهۆی گرفتی ئاگایی و تەرکیز لای منداڵ، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە هەر کاتژمێرێک منداڵی خوار تەمەن (6) ساڵ بەسەری دەبات لە سەیرکردنی فیلم کارتۆندا، مەترسی توشبونی بە کێشەکانی ئاگایی و وریایی بەڕێژەی 10% زیاددەکات و ڕێژەی لە 37% ئاستی دابڕانی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات (غانم:2014: ٧٨).

## ئەو بیردۆزانەی کە ڕاڤەی کاریگەری فیلم کارتۆن دەکەن لەسەر منداڵ

**یەکەم: بیردۆزی فێربون بە سەرنج دان:** دامەزرێنەر و ڕابەری ئەم قوتابخانەیە (باندۆرایە) کە لە 1925/12/4 لە ویلایەتی ئەلبێرتای کەنەدا لە دایکبوە. ئەم بیردۆزە گرنگی فێربون بەوە دیاریدەکات کە کاتێک مرۆڤ ڕەفتارێکی تازە یاخود کارامەییەکی نوێ وەردەگرێت، یارمەتی دەدات بۆخۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەو کۆمەڵگاکەی واتە ئەم بیردۆزە گرنگی دەدات بە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی فێربوندا و پرۆسەی فێربون لە ئەنجامی کارلێکی نێوان (وەرگر) و (ڕەفتار یاخود وێنەی پیشاندار) بەرهەمدێت. کەواتە بەپێی لێکدانەوەی ئەم بیردۆزە پرۆسەی فێربون پشت دەبەستێت بە بابەتی تێبینیکردن و وەرگرتن و دوبارەکردنەوە و چەسپاندن. (عتوم واخرون: 122:2014).

بیردۆزەکەی باندۆرا بە گرنگترین بیردۆزی فێربون دادەنرێت کە گەشەی پێکراوە بۆ ڕاڤەکردنی فێربون و وەرگرتنی شێوازەکانی ڕەفتارکردن و بەهاکان لەڕێگەی فیلم کارتۆنەکانەوە. باندۆرا چەند توێژینەوەیەکی ئەنجامدا کە لە ئەنجامەکانیاندا ئەوە ئاشکرا بوە کە منداڵ گرنگی دەدات بەونمونەو ڕەفتارانەی لەسەر بنەمای لاساییکردنەوە وەریدەگرێت، منداڵ لاسایی ئەو ڕەفتارە توندوتیژانە دەکاتەوە کە لەڕێگەی فیلم کارتۆنەکانەوە تێبینی دەکەن.

باندۆرا ئاماژەی بەوە کردوە کە پرۆسەی فێربون لە ڕێگەی تێبینیکردنەوە بە چوار قۆناغ ڕودەدات:

1- قۆناغی ئاگایی (الأنتباە): ئاگای هەنگاوی یەکەم لە پرۆسەی فێربون بە تێبینی کردن چونکە ناتوانرێت لاسایی هیچ ڕەفتارێک بکرێتەوە ئەگەر بەئاگاییەوە تێبینی نەکرێت، کاتێک پرۆسەی ئاگایی بە تەواوەتی جێبەجێدەبێت کاتێک نمونەکان و دیمەنە نمایشکراوەکان هەریەکە لە تایبەتمەندییەکانی (سەرنج ڕاکێش و جوڵە و کارامەیی و دەنگەکان)ی تێدابێت کە ئەم تایبەتمەندیانەش بە تەواوەتی لە فیلم کارتۆنەکاندا تێبینی دەکرێت.

2- قۆناغی عەمبارکردن (تخزین): کە مەبەست لێی بیرهاتنەوەی ڕەفتارە تێبینی کراوەکەیە و پاشان عەمبارکردنی لە یادگەی درێژ مەودادا.

3- قۆناغی دوبارە کردنەوە (التكرار): بریتییە لە توانای وەرگر یاخود تیبینی کەر لە دوبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارەی کە لە نمونەکەدا ئەنجام دراوە، واتە ئاست و ڕێژەی فیدباکی وەرگر بۆ نمونە پیشاندراوەکە.

4- قۆناغی پاڵپشتیکردن و سزا: واتە ئەگەری دوبارەکردنەوەی زیاتری ئەو ڕەفتارانەی پاداشتی بەدوادا دێت هەروەها ئەگەری کەمتر دوبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارانەی کە سزای بەدوادا دێت.

**دوەم: بیردۆزی چاندنی ڕۆشنبیری:** بیردۆزی چاندنی ڕۆشنبیری بە یەکێک لە بیردۆزە گرنگەکان ئەژمار دەکرێت لە بواری کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر تاک و کۆمەڵگە، چونکە ئەم بیردۆزە ڕاڤەی ئەو کاریگەریە دەکات، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکاندا ئەنجامی دەدەن. (مهنا: 265:2002).

(جۆرج جاربنر) بە ڕابەری ئەم بیردۆزە دادەنرێت چونکە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبو لە فراوانکردنی ئەم بیردۆزە، ئەویش لەڕێگەی توێژینەوە بەردەوامەکانی سەبارەت بە پرسی کاریگەرییەکانی تەلەفزیۆن لەسەر ڕۆشنبیری و ڕەفتاری تاک. بیردۆزی (چاندنی ڕۆشنبیری) سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی (1960) کاتێک کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا توندوتیژی خێزانی فراوانبونی زۆری بەخۆیەوە بینی بە جۆرێک دەسەڵاتدارانی ناچارکرد کە بەدوای هۆکار و پاڵنەرەکانی توندوتیژی خێزانییەوە بگەڕێن، داوا لە توێژەران و پسپۆڕان کرا کە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ دیاریکردنی هۆکار و پاڵنەرەکانی دیاردەی توندوتیژی خێزانی (البشر :26:2003).

بیردۆزەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕاگەیاندن وە بەتایبەتی تەلەفزیۆن کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر دروستکردن و گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە بەو ئاڕاستەیەی کە

فەلسەفەی کەناڵەکە باوەڕی پێیەتی، زۆرجار کەناڵەکان جۆرێک لە بڕوا و ئاڕاستە و بۆچون لە ناخی وەرگردا دەچێنن کە بەپێی ئەجێندایی کەناڵەکە دارێژراوە و وەرگر بەبێ ئاگا وەریدەگرێت و پەیڕەوی دەکات. بیرۆکەی گشتی بیردۆزەکە جەخت لە کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکاتەوە لەسەر مەعریفە و تێڕوانین و ئاڕاستەی تاک سەبارەت بە خودی خۆی و کۆمەڵگە و جیهانی دەوروبەر، کاریگەریەکە قوڵتر دەبێتەوە کاتێک کە بینەر زیادەڕۆیی دەکات لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن.

دەکرێت ئەم بیردۆزە سەبارەت بە منداڵ و کاریگەری تەلەفزیۆن هەمان ڕاڤەکردنی هەبێت بەتایبەتی کاتێک منداڵ زیاتر لە گەورە پەیوەستە بە تەلەفزیۆن و بەرنامەکانیەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین بیردۆزی چاندنی ڕۆشنبیری لەڕوی ڕاڤەکردنەوە گونجاوتر و کاریگەرترە لە قۆناغی منداڵیدا چونکە منداڵ زیاتر لە هەر تاکێکی تر چاودێری کەناڵ و بەرنامە تەلەفزیۆنە جۆراوجۆرەکان دەکات.

## تەوەرەی دوەم: بەها

**چەمکی بەها:** بەها یەکێکە لەو چەمکانەی کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە حەز بە زانینی ناوەڕۆک و ماناکەی دەکەن، چونکە ئەم وشـــەیە ڕۆژانە و بەردەوام بەبەرگوێی تاکەکاندا دێت و لە زۆربەی گفتوگۆ کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا ئامادەیی هەیە وەک دەســـتەواژە. لە بنەڕەتدا چەمکی بەها وەک دەستەواژەیەکی پیرۆز و گرنگ و پێویست ئەژمار دەکرێت لەسەرجەم کۆمەڵگاکاندا. و بەها بناغەی هەمو ڕەوشت و ئاکارێکی جوان و باڵایە. و هەمیشە ئەو کەسانەی کە بەهایان هەیە سەبارەت بە هەڵوێست و کەسە جۆراوجۆرەکان ئەو کەسانە لەناو کۆمەڵگادا لە ئاستێکی بەرز و پێزانین دان، و هەمیشە ڕەفتاری مرۆڤ بەها ئاڕاســـتەی دەکات واتە مرۆڤ هەر ڕەفتارێک دەکات ئیتر ئەو ڕەفتارە جوڵەیی یاخود زارەکی یاخود ویژدانی بێت ئەوە ســـەرچاوەکەی ئەو بەهایانەیە کە کەســـەکە باوەڕی پێیەتی. پســـپۆڕانی بواری پەروەردە و دەرونزانی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بونی بەها لای مرۆڤ پێوەرە بۆ هاوســـەنگی دەرونی واتە مرۆڤ لەڕوی ڕەفتاریەوە دەکرێت بە کامڵ ناوزەند بکرێت کاتێک بەهای هەمو شتێکی لابێت.

ئەوەی شـــایەنی باســـە تا ئێســـتا بەهۆی ئاڵۆزی و فراوانی ســـنوری واتایی بەها نەتوانراوە پێناســـەیەکی جێگیری بۆ بکرێت، بەڵکو هەر زانایە بەپێی تێگەیشـــتنی خۆی یاخود هەر ســـەردەمەو بەپێی تایبەتمەندی خۆی پێناســـەی جیاواز بۆ بەها کراوە، بۆ نمونە هەندێک لەپســـپۆڕانی بواری پەروەردە و دەرونزانی پێیانوایە بەها بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما کە تاک خوی پێوەگرتوە بوەتە بەشـێک لە کەسـێتی. پســـپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی بۆچونیان وایە کە بەها بریتییە لە ئامانجێکی گشتی ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە کاری باش و گونجاو لەگەڵ کلتور و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا.(طبال ورتیمی:3:2018)

**وەرگرتنی بەها:** بە شــێوەیەکی گشــتی کۆمەڵێک ســـەرچاوەو هۆکار هەن کە لەڕێگەیانەوە تاک بەهاکان وەردەگرێت و فێری دەبێت ئەو سەرچاوانەش بریتین لە:

**١-خێزان:** یەکەم ژینگە کە منداڵ چاوی پێداهەڵدێنێ خێزانە و خێزان بە کاریگەرترین هۆکارەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئەژماردەکرێت، کە تاک فێری سەرەتای ڕەفتار و ئادابە گشتی و بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان دەبێت، هەروەها هەر لەناو خێزاندا منداڵ فێری بەشـــێکی گرنگ لە ماف و ئەرکەکانی دەبێت لە ژیانیدا هەروەها فێری لێپرسراویێتی تاک لە کۆمەڵگادا دەبێت. (صابری: 40:2019)

منداڵ لەناو خێزان یەکەمین قۆناغەکانی ژیانی دەست پێدەکات، یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک و باوک و خوشـــک و براکانیەوە دەســـت پێدەکات، منداڵ یەکەم نمونەی بینراو دوبارەکردنەوە لە خێزانەوە وەردەگرێت، وەرگرتنی بەها ســـەرەتاییەکان و ڕەفتارو درک پێکردنەکان و هەڵچونەکان لەو خێزانەوە دەبێت کە منداڵ تیایدا دەژی، هەر لەو خێزانەوە منداڵ فێری باش و خراپ و بەنرخ و بێ نرخ گەورە و بچوک و زۆربەی بەهاکانی تر دەبێت، دەکرێت لەو قۆناغەدا جگە لە خێزان هەندێ هۆکاری تریش ڕۆڵیان هەبێت لە دروســـتبونی بەها و ڕەفتاری منداڵ وەک ڕاگەیاندن، بەڵام لە قۆناغەکانی ســـەرەتادا خێزان بە یەکەم قوتابخانەی فێربونی بەها دادەنرێت.

**٢-قوتابخانە:** دوای خێزان قوتابخانە وەک ســـەرچاوەی ســـەرەکی وەرگرتنی فێربون وەرگرتنی بەهاکان هەژماردەکرێت بەهۆی ئەو پێگە گرنگەی کە هەیەتی لەڕوی پەروەردەیی و ڕاهێنانی ڕەفتاری منداڵان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، قوتابخانەکان و ئەو چالاکی و پرۆگرامانەی تیایدا دەخوێندرێت ڕۆڵی هەیە لە ئاشنابون و تێگەیشتنی منداڵان لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و تێگەیشتنی منداڵان بە بەها و ڕەفتار و ئاڕاستەی گونجاو و ئەرێنی کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی منداڵان لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و توانای خۆگونجاندنیان بەرامبەر بە هەڵوێســـت و ڕوداوەکانی ژیان، لە کۆتایشـــدا ئەو بەها و ڕەفتارانەی کە لەڕێگەی قوتابخانەوە فێری دەبێت ڕەنگدانەوەی دەبێت لەســـەر جۆری کەســـێتی و پێگەیی کۆمەڵایەتی لە داهاتودا.

دامەزراوەی قوتابخانە وەک ناوەندێکی پەروەردەو کۆمەڵایەتی لەســـەردەمە جیاوازەکاندا توێژینەوە و لێکدانەوەی زۆری لەبارەوە کراوە ئەمەش بەهۆی ئەو گرنگی و قورســـاییەی کە هەیەتی لە کۆمەڵگادا، هەروەها ئەو چاوەڕوانییە زۆرەی کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی لەم دامەزراوەیە هەر لە چونی منداڵان بۆ ناو ئەو دامەزراوە پەروەردەییە هەتاوەکو دەرچون و تەواوکردنی خوێندن تیایدا (عامر: 85:2002)

وەک دیارە منداڵ لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا ڕووبەڕو دەبێتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک دەستەواژە و چەمک و مانایی جۆراوجۆری بەهایی کە یارمەتیدەری دەبێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەو کۆمەڵگاکەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا. هەروەها دەکرێت قوتابخانە ڕۆڵی پاڵپشت و بەهێزکەر ببینێت بۆ ئەو بەهایانەی کە منداڵ لەناو خێزاندا فێری دەبێت و وەری دەگرێت یاخود هەندێ بەهای تر زیاددەکات بۆ ئەو بەهایانەی کە لەناو خێزاندا فێری بوە بۆیە دەکرێت قوتابخانە وەک تەواوکەری پەروەردەیی خێزان سەیربکرێت لەڕوی پەروەردە کردن بە گشتی و فێربونی بەها جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی.(رشوان : 2002:81)

**٣-کۆمەڵگا:** کاتێک منداڵ لە قۆناغە سەرەتاکانی منداڵیدا پاش خێزان دەچێتە ناو کۆمەڵگا و ژینگەی دەرەوەی خێزان ئەوکات بە کەسانی نوێ و ڕەفتاری نوێ ئاشنا دەبێت کە جیاوازە لەو ڕەفتار و بەهایانەی کە بە زۆرە ملێ لەناو خێزاندا فێریکراوە منداڵ کاتێک دەچێتە دەرەوە کۆمەڵ کەسانێک دەناسێت کە بەرکەوتنی و تێکەڵی پەیدا دەکات لەگەڵیاندا و زۆرجار ئەم بەریەکەوتن و تێکەڵیە دەبێتە هۆی کاریگەربون بە یەکتر چونکە منداڵ لەوکاتەدا بە دوای خودی خۆیدا دەگەڕێت لەدەرەوەی خێزان بۆ تێرکردنی خواست و پاڵنەرەکانی بەتایبەتی ئەو خواست و پاڵنەرانەی کە لەناو خێزان یاساغ و ڕێپێنەدراوە، بۆیە پەنادەباتە بەر هاوڕێیەتی و کەسانی تر لە دەرەوەی خێزان وەک شوێنگرەوەی تاکەکانی خێزانەکەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو خواستانەی کە لەناو چوارچێوەی خێزان ئەستەمە جێبەجێکردنی، ئەمەش لە هەندێ باردا دەبێتەهۆی فێربون و وەرگرتنی هەندێ بەها و ڕەفتار جیاواز لەوەی کە لەناو خێزان فێریکراوە. ئەم فێربونانە کە منداڵ لە دەرەوەی خێزان فێری دەبێت بە تایبەتی لەناو هاوڕێکانیدا چەسپاوتر و قوڵترەو بە ئەستەم گۆڕانکاری تێدا دەکرێت چونکە منداڵ ئەو ڕەفتارانەی بە سەربەستی دور لە هەر فشارێک وەرگرتوە، وە بە خواستی دڵی خۆی جۆری بەها و ڕەفتاری دیاریکردوە نەک بە زۆرەملێ و بەناچاری وەک ئەوەی کە لەناو خێزان و قوتابخانە فێری دەبێت، لەکۆتایدا هەر ئەو بەها و ڕەفتارانەیە کە لایەنێکی سەرەکی کەسێتی منداڵ دیاریدەکات. (نەعیمە :2002: 29). بە تایبەتی ئەگەر بێت و لە قۆناغەکانی سەرەتادا هەوڵی گۆڕین و ڕاستکردنەوەی نەدرێت لەلایەن دایک و باوک و مامۆستاوە، و زۆرجار ڕەفتارەکان هێندە ئاڵۆز و توندە لە منداڵەکەدا کە پێویستی بە کەسانی پسپۆر هەیە لە بواری دەرونزانی و ڕەفتاردا بۆ ڕاستکردنەوەی. کەواتە دەکرێت بگوترێت کە شان بەشانی خێزان و قوتابخانە، ژینگەی دەرەوەی خێزان ڕۆڵی هەیە لە وەرگرتن و فێربونی هەندێ بەها لای منداڵان

**٤-ئایین و شوێنەکانی پەرستش (دور العبادة):** یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی وەرگرتن و فێربونی بەهاکان ئایین و بنەماکانیەتی، بێگومان ئایین بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی کۆمەڵگاکان، بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا و لایەنێکی سەرەکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاک وابەستەیە بە ئایینەوە، بەتایبەتی لەو

کۆمەڵگایانەدا کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ملکەچی بەها و بنەماکانی ئایینن و بەتوندی پەیڕەوی لێدەکەن. هەر ئایینێک (ئاسمانی یاخود زەوی) کۆمەڵێک بەها و ئاراستەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاک و کۆمەڵ لە هەمو بوارەکاندا، و زۆربەی ئایینەکان فەلسەفەکەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێویستە تاکێکی چاکەکار و سود بەخش بۆ خودی خۆی بۆ کۆمەڵگا و بۆ ژینگەکەی پەروەردە بکرێت و پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی یاخود سزای ڕەفتارە خراپەکانی بە جۆرێک لە جۆرەکان وەردەگرێتەوە لەم ژیانە یاخود لە ژیانێکی داهاتو. هەر لەسەر ئەم بنەما فەلسەفیەش هەر ئایینێک کۆمەڵێ بەهاو پرنسیپی تایبەتی هەیە کە پێویستی دەکات لەسەر شوێنەکەوتوانی کە پابەند بن پێیانەوە و پارێزگاری لێبکەن زۆرجار دامەزراوە ئاینییەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵدەستن و لەڕێگەی هۆکارە جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی چاندنی هەندێ بەهای تایبەتی دەدەن لە ناخی شوێنکەوتوانیاندا بەمەبەستی دروستکردنی تاکێکی سودبەخش بە کۆمەڵگا و ملکەچ بۆ خواوەند. گرنگترین ئەو ڕێگایانەی کە ئایینەکان بەکاریدێنن لە چەسپاندنی بەهاکاندا بریتییە لە شێوازی ترس و هەڕەشەکردن لەگەڵ بنەمای پاداشت و سزا. (الصاحب: 2011: 164)

**٥-دەزگاکانی ڕاگەیاندن:** لەسەردەمی ئەمڕۆماندا ڕاگەیاندن زیاتر لە هەریەکە لە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگا و تەنانەت ئایینیش ڕۆڵیان هەیە لە وەرگرتن و چەسپاندن و گۆڕینی بەهاکان بەتایبەتی لای منداڵان. بەجۆرێک کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگادا و کاریگەریەکی گەورە بەجێ دەهێڵن لە ڕەفتارو ئاراستە و بەهاکانی تاک دا، هەڵوێستە ئەرێنی و نەرێنیەکانی مرۆڤ زۆربەی کات لە وێنە و هزریانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەبیرو یادەوەرییاندایە وە سەرچاوەی ئەو وێنە هزریانەش بێگومان ئەو ڕوداو و دیمەن وێنانەیە کە لە شاشەکانەوە ئاراستەیان دەکرێت. (الدليمي: 2012: 213).

زۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیان پشت ڕاست کردۆتەوە کە گەشەی عەقڵی و هەڵچونی کۆمەڵایەتی منداڵ زۆر کاریگەرە بەو وێنەو بابەتانەی ئاراستەیان دەکرێت لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە بەتایبەتی ئامرازە (بینراوبیستراوەکان).(درويش :١٩٩٩:٥٩)

چونکە توێژینەوەکان گەیشتونەتە ئەو ڕاستیەی کە (١٠٪)ی ئەو زانیاریانەی منداڵ وەریدەگرێت لەڕێگەی خوێندنەوەوەیە هەروەها (٢٠٪)ی زانیارییەکانی منداڵ لەڕێگەی ئەو ڕوداو چیرۆکانەوەیە کە دەیبیستێت و (٣٠٪)ی زانیاریەکانی منداڵ لەڕێگەی بینینی شتەکانەوەیە لەکاتێکدا(٥٠٪)ی زانیارییەکانی منداڵ سەرچاوەکەی ئەو دیمەن و ڕوداوانەیە کە هەردو هەستی بیستن و بینینی تێدا بەکاردێنێت کە ئەمەش خۆی لە فیلم کارتۆن و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا دەبینێتەوە(قەرەچەتانی،٢٠٠٢،١٣٢).

کەواتە دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندن بەتایبەتی بیستراو و بینراو لەسەردەمی ئەمڕۆماندا هۆکارێکی سەرەکی و کاریگەرە لە فێربون و وەرگرتنی بەهاکان لای تاک بە گشتی وە لای منداڵان بەتایبەتی چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا منداڵ کاریگەرترین چینە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

## تایبەتمەندیەکانی بەها:

١-بەها تایبەتمەندی ڕێژەیی هەیە: واتە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەی لەسەردەمێکی دیاریکراودا پەسەند بوە دەکرێت لەسەردەمیکی تردا ناپەسەندبێت، ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو پەسەندە دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکی تر ناپەسەند بێت، واتە بەها ڕێژەییە بەپێی کات و شوێن. (ابو جادو:٢٠١٥:٢٠٨)

٢-بەها تایبەتمەندی قوچەکی هەیە: واتە هەر تاکێک بەپێی گرنگی بەهاکان بۆی ڕیزبەندیان دەکات لە گرنگترینەوە بۆ گرنگ و پاشان کەم گرنگ و دواتر ناگرنگ واتە بەشێوەیەکی هەرەمی پلەبەندی دەدات بە بەهاکان. (ختاتنە و النوایسە: 255:2011)

٣-بەها تایبەتمەندی گۆڕانی هەیە: واتە لەگەڵ ئەوەی بەها تایبەتمەندی جێگیری هەیە، بەڵام دەکرێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت بە تێپەڕبونی کات و بەگۆڕانی بارودۆخی تاک و کۆمەڵگا.

٤-بەها تایبەتمەندی چەسپاویی هەیە: بەها جۆرێک لە بۆچون و بڕیاردانی جێگیری تێدایە سەبارەت بە کەسێک یان شتێک یان هەڵوێستێک واتە دەکرێت بەها بنەما بێت بۆ دەربڕینی بیروبۆچون و گۆشەنیگا سەبارەت بە بارودۆخ یان کەسێکی دیاریکراو.

٥-بەها تایبەتمەندی گشتێتی هەیە: واتە بەهاکان بە جۆرێک لە جۆرەکان مۆرکێکی نیشتمانی یان نەتەوەیی یان کۆمەڵگایی یان ئایینی وەردەگرن و هاوبەشە لەنێوان هەمو تاکەکانی کۆمەڵگادا.

٦-بەها تایەتمەندی دەربڕین یاخود شاراوەیی هەیە: واتە دەکرێت بەهاکان دیار و ئاشکرابن و تاکی پێی بناسرێتەوە یاخود شاراوە بن لەهەندێ چالاکی و ڕەفتاردا دەربکەوێت. بۆ نمونە مرۆڤ بە ئاشکرا دەتوانێت ئاماژە بکات بە بەهای (ڕاستگۆیی) و شانازی پێوەبکات، بەڵام دەکرێت نەتوانێت ئاماژە بکات بە بەهای (دەمارگیری) بەڵکو هەندێ جار لە مامەڵە و گفتوگۆدا بەدیاردەکەوێت.

٧-بەها تایبەتمەندی گواســـتنەوەی هەیە: واتە دەكرێت بەهاكە لەكەســـێكەوە بۆ كەســـێكی تر بگوازرێتەوە بەهۆی مامەڵەكردن و تێكەڵی و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانەوە یاخود دەكرێت بەها لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر پشتاوپشت بگوازرێتەوە. (سفیان: 76:2012)

**بەها پەروەردەییەكان**: پەروەردە بە چەقی بنیاتنانی كەسایەتی مرۆڤ ئەژمار دەكرێت، پرۆسەی پەروەردە بە هەرە پرۆسە ئاڵۆزەكانی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی ئەژمار دەكرێت بەو پێیەی پەروەردە پەیوەندی پتەوی بە جۆری خێزان و كۆمەڵگا و كلتور و ڕۆشـــنبیری تاكەكانیەوە هەیە، كەواتە دەكرێت بەها پەروەردەییەكانیش لەو چوارچێوەیەدا ببینرێت بەوەی كە پرۆســـەی ڕێكخســـتن بنیادی ڕەفتار و بیركردنەوەی تاكی پێوە پابەندە. بەها پەروەردەییەكان وەك هەر بەهایەكی تر دەكرێت لێكدانەوە و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بكرێت.

بۆنمونە (زیود) بەوە پێناســـەی بەهای پەروەردەیی دەكات كە بریتییە لە كۆمەڵێك نمونە و بنەما كە پێویســـتە تاك و كۆمەڵگە پێوەی پابەند بێت، و بەهای پەروەردەیی زنجیرەیەك ئەزمونە كە لەڕێگەی پاشـخانی كۆمەڵایەتی و توانای عەقڵی و هەڵچونەكانەوە پاڵپشـت دەكرێت و لەكۆتایدا دەبێتە بۆچونی تاك یان كۆمەڵگا ســەبارەت بە خودی خۆی و ڕوداو و هەڵوێســتەكان، ئەم بۆچونانە (كە بونەتە بەها) دەكرێت گۆڕانكاری تێدا ڕوبدات لەڕێگەی پەروەردەوە.(زیود :342:2012).

هەروەها (زاهر) پێناســـەی دەكات بەوەی كە بەهای پەروەردەیی بریتییە لە كۆمەڵێك بڕیاردان و پێوەری پێكەوە بەســتراو كە تاك لە ڕێگەی كارلێك و مامەڵكردن لەگەڵ هەڵوێســتەكان و ئەزمونەكان وەریدەگرێت، گرنگە ئەو بڕیاردان و پێوەرانەوە لەلایەن كۆمەڵگاوە پەســـەندبێت تاكو ببێتە بەشـــێك لە ڕەفتار و بۆچون بیركردنەوە و ئاڕاستە و گرنگی پێدانەكانی تاك دواتر ببێتە بەشێك لە كەسایەتی. (زاهر:١٩٩٦:٢٤)

پێناســـەی توێژەر بۆ چەمكی (بەهای پەروەردەیی): بریتییە لەو بنەما و حوكمانەی كە تاك فێری دەبێت لەڕێگەی پرۆسەی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی دروست، كە هەڵقوڵاوی ئایین و كلتور و فەلسەفەی كۆمەڵگا و سیستمی پەروەردەیە كە دەبێتەهۆی ڕەفتاركردنی تاك بەشێوەی دروست لە هەڵوێستە جیاوازەكاندا، هەر ئەو بەهایانەشـــە وا لە تاك دەكات بەئاگا بێت ســـەبارەت بە ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراوەكانی كۆمەڵگا. لەبەر ڕۆشـــنایی ئەو پێناســـانەی كە ئاماژەیان پێدرا دەكرێت <u>**تایبەتمەندی بەها پەروەردەییەكان**</u> لەم چەند خاڵەدا ڕونبكەینەوە:

1-بەهای پەروەردەیی ئەو پێوەر و تەرازوەیە كە لەڕێگەیەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتار دەكرێت.


2-بەهای پەروەردەیی لە ئەنجامی مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە كۆمەڵایەتیەكەی دروست دەبێت.

3-بەهای پەروەردەیی ئاڕاســـتەکەری ڕەفتاری تاکە و بنەمایە بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤ، چونکە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک هاوتایە لەگەڵ ئەو بەهایانەدا کە باوەڕی پێیەتی.

4-دوای خێزان و ڕاگەیاندن، قوتابخانە بە سەرچاوەی سەرەکی فێربون و وەرگرتنی بەهای پەروەردەیی ئەژمار دەکرێت.

سـەبارەت بە جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان پاش ئەو پێناسـەو لێکدانەوانەی کردمان بۆ بەها بەگشـتی و بەها پەروەردەییەکان بە تایبەتی ئەو ڕاســـتیەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە باها پەروەردەییەکان جۆر و شـــێوازی زۆرەو ئەســـتەمە لە پۆلێنێکی تایبەتدا جۆرەکانی دیاریبکرێت بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە تیۆرییەی کە توێژینەوەکە کاری لەســـەر کردوە،دەتوانین گرنگتین بەها پەروردییەکان لەم وێنە هێڵکاریەدا ڕونبکەینەوە.

هێڵکاری ژمارە (١)




**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە سود وەرگرتن لە بەرنامەی (Visio)**

**گرنگی بەهای پەروەردەیی:** لەگەڵ ئەوەی بۆچونی جیاواز هەیە لەنێوان پسپۆڕان و توێژەراندا سەبارەت بە چەمکی بەهای پەروەردەیی و جۆرەکانی. بەڵام ســـەبارەت بە گرنگی بەهای پەروەردەیی پســـپۆڕان و زانایان کۆکن لەســەر ئەوەی کە بەهای پەروەردەیی گرنگیەکی زۆری هەیە لەســەر ژیان و ڕەفتاری تاک، بەهای پەروەردەییە کە تاک فێری پێکەوە ژیان و هاوکاری و خەمخۆری دەکات لەناو کۆمەڵگا وژینگەکەیدا و یارمەتیدەرە بۆ خۆگونجاندن و خودپێگەیاندن لەڕوی کۆمەڵایەتی و کەســێتیەوە. هەروەها لە پرۆســـەی پەروەردە و فێرکردندا بەهای پەروەردەیی گرنگی زۆری هەیە بۆ پێگەیاندنی تاک بەرەو باڵایی و پاراستنی

تاک لە لادان و سەرەڕۆیی. هەروەک دەزانین کە ئەرکی قوتابخانە لە پاڵ پەروەردەدا بریتییە لە فێرکردن؛ کە فێربون بریتییە گۆڕانکاریکردن لە هەڵسوکەت و ڕەفتار و بیرکردنەوە و بەهای تاک لە ئەنجامی بەرکەوتن لەگەڵ پرۆگرام و چالاکی جۆراوجۆر. (قەرەچەتانی:٢٠٢٠:٧).

بەگشتی دەکرێت گرنگی بەها پەروەردەییەکان لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

1-یارمەتی تاک دەدات بۆ زانینی ئەوەی کە کام ڕەفتار گونجاوە و کامە نەگونجاوە لە کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی بتوانێت لەو چوارچێوەیەدا ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات و دژبەر نەبێت لەگەڵ ڕەفتارە باوەکانی کۆمەڵگا.

2-بەها پەروەردەییەکان یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی ئەو چالاکیانەی کە تاک پێی هەڵدەستێت، بۆ نمونە کاتێک تاک بەهای خێزانی لادەبێت ئەوکاتە پەیوەست دەبێت بەوەی کە پارێزگاری لە بنەماکانی خێزانەکەی بکات و سنورە ڕێپێنەدراوەکان نەبەزێنێت. بەمەش جۆرێک ڕێکخستن لە ڕەفتاری کەسەکەدا بۆی دەبێت.

3-بەها پەروەردەییەکان ڕۆڵیان هەیە لە ڕێکخستن و پێکەوەبەستنی تاکەکانی کۆمەڵگا. ڕەچاوکردنی بەها پەروەردەییەکان وا لە تاک دەکات بەپێی ئەو سیستەمە بڕوات کە لە کۆمەڵگادا باوە، ئەم پابەندبونەش جۆرێک لە هاودەنگی و هاوڕەفتاری لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا دروست دەکات کە ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی یەکگرتن و پێکەوە بەستراوی تاکەکانی کۆمەڵگا.

4-بەهاکان بەگشتی و بەها پەروەردەییەکان مرۆڤ لە بونەوەرێکی بایۆلۆجیەوە دەکەن بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا تاک هەست بە کیانی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات واتە جگە لە بابەتە مەعریفی و عەقڵیەکان یەکێکی تر لە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ لە ئاژەڵ بونی بەهایە.

5-بونی بەها لە مرۆڤدا یارمەتیدەرە بۆ گونجاندنی دەرونی واتە کاتێک تاک لە چوارچێوەی بەها پەروەردەییەکاندا مامەڵە دەکات لەڕوی دەرونیەوە بە کەسێکی ئاسایی ناوزەنددەکرێت، لادان لەو بەهایانە جۆرێک لە شڵەژان و تێکچونی ڕەفتاری لای تاک دروست دەکات بە واتایەکی تر دەکرێت بەهاکان وەک چارەسەری تێکچونە ڕەفتاری و مەزاجیەکان بەکاربهێنرێت، چونکە هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان مرۆڤی ئاسایی و نائاسایی لەڕوی ڕەفتارەوە بریتییە لەو سنورە بەهاییەی کە بۆی دانراوە.

6-بەها پەروەردەییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردن و دانانی پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن چونکە بنەمای سیستم و پرۆگرامەکانی خوێندن بریتییە لە بەها باوەکان لە کۆمەڵگا بە ڕەچاوکردنی پێگەی فێرخواز و سروشتی سەردەمەکە و تایبەتمەندی و توانای فێرکار، تاوەکو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئامانجەکانی خۆی بەباشترین شێوە بپێکێت و ڕۆڵی هەبێت لە گۆڕینی ڕەفتاری فێرخواز بەرەو باشتر.

7-هەندێ جار بەهاکان دەکرێت وەک هەڵسەنگێنەر بەکاربهێنرێت لە پێوانەکردنی ڕەفتاردا، هەروەها دەکرێت لەڕێگەی جۆری بەها پەروەردەییەکانی تاکەوە پێشبینی بکرێت لە داهاتودا ڕەفتاری تاک چۆن دەبێت. بە واتایەکی تر کاتێک منداڵ کۆمەڵێک بەهای ئەرێنی لا دروست بوە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئەو منداڵە لەداهاتودا ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئەرێنی دەبێت و بەپێچەوانەوە.

## ئەو بیردۆزانەی کە ڕاڤەی چۆنیەتی وەرگرتنی بەها پەروەردەییەکان دەکەن لای منداڵان

**یەکەم: بیردۆزی مەعریفی:** قوتابخانەی مەعریفی دەڕوانێتە پرۆسەی فێربونی بەهاکان بەوەی کە بریتییە لە پرۆسەی وەرگرتنی بڕیار و حوکمدان کە بەشێوەیەکی تەواو پەیوەستە بە گەشەی عەقڵی و بیرکردنەوە. ئەم بیردۆزە لە وەرگرتنی بەهاکاندا وەک بیردۆزی ڕەفتاری لەو باوەڕەدانییە کە وەرگرتن وفێربونی بەهاکان وابەتسە بێت بە هەندێ بنەمای تایبەتەوە، هەروەها ناکۆکە لەگەڵ بیردۆزی کۆمەڵایەتی بەوەی کە فێربون و وەرگرتی بەهاکان پەیوەندی نییە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵکو ئەم بیردۆزە پێیوایە، کە پرۆسەی فێربون وابەستەیە بەهەوڵی تاک لەڕوی مەعریفی و هۆشمەندییەوە، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی توانا عەقلییەکانی واتە بەپێی ئەم بیردۆزە منداڵ لە ڕێگەی بیرکردنەوەو لێکدانەوە مەعریفی و عەقلییەکانەوە فێردەبێت.

(پیاژێ)بەڕابەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت، لە توێژینەوەکاندا ئاماژەی داوە بە گرنگی گەشەکردنی توانای عەقڵی منداڵ و ڕیگای بیرکردنەوەی، سەبارەت بەو پرسیارنەی دێتە ئەندێشەیەوە سەبارەت بە ڕاست و هەڵەو چۆنیەتی تێگەیشتنی یاساکۆمەڵایەتییەکان، وەبەبۆچونی(بیاجییە) هەر ئەم پرۆسە ئاڵۆزەیە کە فێربون بەرهەم دەهێنێت. بیردۆزەکەی (بیاجیە) ڕێخۆشکەر بو بۆ پسپۆران و توێژەرانی بواری پەروەردەو فێربون بۆ زیاتر لێکدانەوە وبەدواداچون بۆ هۆکارەکانی فێربونی منداڵ (کۆڵبریچ و خوێندکارەکانی) لەبەر ڕۆشنایی بیردۆزەکەی (پیاژێ)دا هەستان بنیاتنانی(بیردۆزی جیاکاری) (تفضیل) کە لەبیردۆزەکەیاندا قۆناغەکانی گەشەی منداڵیان دیاریکرد لەگەڵ دیاریکردنی پێکهاتەی مەعریفی لەپرۆسەی گەشەی بیریدا.(نشواتي: 1985 : 148). بیاجیە گەشەیی بەهایی و ڕەفتاری لای منداڵ بەدو قۆناغ دیاریکرد:

<u>**قۆناغی یەکەم:**</u> لەسەرەتای لەدایکبونەوە تا تەمەنی(12)ساڵی، لەم قۆناغەدا بەهاکان لەو کۆمەڵگەیەوە وەردەگرێت کە لە چواردەوریدان و پشت نابەستێت بەبڕیاری خۆی بەڵکو سەیری چواردەور و دایک و باوک و خوشک وبراکانی دەکات لەبڕیارداندا هەرچی ئەوان پەسەندی بکەن ئەمیش پەسەندی دەکات، بەپێچەوانەوە، واتە منداڵ لەم قۆناغەدا بەهیچ جۆرێک مەعریفەو تێگەیشتنی خۆی بەکارناهێنێت.

**قۆناغی دووەم:** لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵدەدات تایبەتمەندی خۆی هەبێت، سەبارەت بە هەڵوێست و ڕوداوەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتن و مەعریفەی خۆی، لەم قۆناغەدا منداڵ لەگەڵ دایک وباوک و دەوروبەری گفتوگۆ دەکات و پرسیارەکان سەبارەت بە هۆکاری ڕاست و هەڵەیی شتەکان و جۆری بەهاکان.

**دووەم: بیردۆزی ڕەفتاری:** ڕابەرانی ئەم بیردۆزە لەســەرو هەمویانەوە (جۆن واتسـن و بافلۆڤ و سـکینەر) پێیانوایە، کە پرۆســـــەی فێربون و وەرگرتنی بەهاکان لە ڕێگەی هاندانی ئەرێنی و نەرێنیەوە ڕودەدات، ڕەفتارییەکان بڕوایان وایە کە بەها وەک ڕەفتار ئەرێنی یان نەرێنیە. جۆری کاردانەوە و پاڵپشتیکردن لەو ڕەفتار و بەهایە بڕیار دەدات کە ئایا بەها یان ڕەفتارەکە گونجاوە یاخود نەگونجاوە، هەروەها ڕەفتارییەکان پێیانوایە: کە بەها وەک ڕەفتار لەئەنجامی کارلێکی فێرخواز لەگەڵ ورژێنەری ژینگەیی و جۆری هاندانەوە دروســت دەبێت، واتە کاتێک منداڵ ڕەفتارێک ئەنجام دەدات ســەیری جۆری پاڵپشــت و هاندانەکە یاخود کاردانەوەی دەوروبەر دەکات بۆ ئەو ڕەفتارە ئەگەر کاردانەوە و پاڵپشــتییەکە ئەرێنی بو ئەوا ئەو ڕەفتارە دوبارەدەکاتەوە و لەکۆتایدا دەبێتە بەشــێک لە هەڵســـوکەوتی و بەپێچەوانەوە ئەگەر کاردانەوەو پاڵپشـــتییەکە نەرێنی بو ئەوکات منداڵ وردەوردە دوردەکەوێتەوە لەو ڕەفتارە و خۆی دوردەگرێت لەدوبارەکردنەوەی. کەواتە بەپێی ئەم بیردۆزە منداڵ بۆ دروســـتبون و وەرگرتنی بەها و ڕەفتار بەتەواوەتی پشت دەبەستێت بەو پاڵپشت و هاندانەی کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە.

## توێژینەوەکانی پێشو:

١-توێژینەوەی (العمداوی: 2017): (کاریگەری بینینی تەلەفزیۆن لە پێکهێنانی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵی جەزائیری).

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی شێوەو ماوە و چۆنیەتی سەیرکردنی بەرنامە تایبەتەکانی منداڵان لەلایەن منداڵانەوە، هەروەها دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەرن بۆ دروستبونی بەها پەروەردییەکان لای منداڵان و ئاستی گونجاوی ئەو بەرنامانە لەگەڵ بەها پەروەرییەکان.میتۆدی وەسفی بەکارهاتوە لە توێژینەوەکەدا و سنوری توێژینەوەکە بریتیبوە لە شاری (عین بیضاء) لەوڵاتی جەزائیر. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبو لە ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵیان هەیە لە شاری (عین بیضاء) و نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەرەمەکی مەبەستدار وەرگیراوە کە بریتیبوە لە (120) کەس، (51) باوک و (69) دایک. و فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتوە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری. توێژەر هیچ ئاماژەیەکی نەداوە بە کردەی ڕاستی و دروستی و جێگیری. توێژەر سودی لە کۆپرۆگرامی (spss) وەرگرتوە بۆ پرۆسە ئامارییەکان،

سەبارەت بە ئەنجامەکان توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە فیلم کارتۆنەکان ڕۆڵیان هەیە لە چاندنی بەهاکانی (ڕێزگرتن –یارمەتیدان–لێبوەردەیی–ڕاستگۆیی).

٢ –توێژینەوەی (فلوجی و ئەوانیتر: 2017): (فیلم کارتۆن و کاریگەری لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی زنجیرەی یەکەم لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی).

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوە لە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەو ماوەیەی کە منداڵ بەسەری دەبات لەگەڵ بەرنامە منداڵانەکان و ئەو بەهایانەی کە وەریدەگرێت هەروەها دۆزینەوەی کاریگەری فیلم کارتۆنەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری. سنوری توێژینەوەکە لە دایک و باوکانی شاری (حماە) کەمنداڵی تەمەن (0–6)ساڵیان هەیە. نمونەی توێژینەوەکە بریتیبوە لە (40) دایک و باوک کەبە شێوەی هەرەمەکی چینی وەرگیرابون. هەروەها ئامرازی توێژینەوەکە بریتیبو لە فۆرمی ڕاپرسی. بۆدەرهێنانی ڕاستی و دروستی توێژەر پەنای بردۆتە بەر ڕێگەی ڕواڵەتی. هەریەکە لە (تی تێست و هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن) بەکارهاتوە وەک کەرستەی ئاماری. ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستوە کە هەتا ماوەی سەیرکەدنی فیلم کارتۆن زۆرتر بێت کاریگەریەکەی زۆرتر دەبێت. هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان کچ و کوردا سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان واتە کاریگەری لەسەر هەردوکیان وەک یەکە.

٣–توێژینەوەی (عرات: 2013): (ڕۆڵی کەناڵەکانی تایبەت بە منداڵان لەپاڵپشتیکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، لە قۆناغی بنەڕەتی (1، 2،3) لە خوێندنگاکانی غەزە)

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی کارکردنی کەناڵە منداڵانەکانە لە پاڵپشتیکردنی بەها پەروەردەییەکان، هەروەها زانینی ئەوەی کە ئایا جیاوازی ئاماژەداری ئاماری هەیە سەبارەت بو بۆچونی مامۆستایان بە پێی قوتابخانەی حکومی و نیودەوڵەتی. میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکاریە. سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم قوتابخانە حکومی و نێودەوڵەتیەکانی کەرتی غەزە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوە لە سەرجەم مامۆستایانی ئافرەتی قوتابخانە بنەرەتیەکانی (حکومی و نێودەوڵەتی). نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (134) مامۆستای ئافرەت کە بەشێوەی هەرەمەکی مەبەستدار وەرگیرابون. توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە وەک ئامرازی توێژینەوە. بۆ دەرهێنانی ڕاستی و دروستی توێژەر هەریەکە لە ڕێگای (ڕواڵەتی و ناوەرۆکی وجیاکاری) بەکارهێناوە. بۆ جێگیری هەردو ڕێگای (دابەشکردنی نیوەیی و ئەلفاکرۆمباخ)ی بەکارهێناوە. سەبارەت بە کەرەستەی ئاماری هەریەکە لە (ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پیوەری و هاوکێشەی ئەلفاکرۆنباخ) بەکارهاتوە. ئەنجامەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە کەناڵەکانی منداڵان بە پلەی یەکەم پاڵپشتی

بەهای (تەندروستی) دەکەن پاشان بەهای (ئایینی) دواتر (ڕەوشتی). هەروەها جیاوازی ئاماژەدار هەیە لە نێوان بۆچونی مامۆستایانی قوتابخانە حکومی و نێودەوڵەتییەکان، لەبەرژەوەندی مامۆستایانی قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان.

٤-توێژینەوەی (فتحي: ٢٠١٩): (کاریگەری کارتۆنەکان لە کەناڵە عەرەبییەکاندا لەسەر بەهاورەفتاری منداڵ لە وڵاتی میسر).

ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئەو بەها و ڕەفتارانەیە کەلە فیلم کارتۆنەکانی هەردو کەناڵی (mbc3,cartoon network)دا هەیە. هەروەها دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکانی ئەو فیلم کارتۆنانە لەسەر منداڵ. میتۆدی توێژینەوەکە بریتیبوە لە میتۆدی وەسفی وشیکاری ناوەرۆک. سنوری توێژینەوەکە هەریەکە لە شارەکانی (قاهیرە و شەرقیە و مینا) لەخۆگرتوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە دایک و باوک و منداڵانی خێزانی میسری. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆلایەنی شیکاری ناوەرۆک بریتیبوە لە فیلم کارتۆنەکانی هەریەکە لە کەناڵەکانی(mbc3,cartoon network). نمونەی توێژینەوەکە بریتیبوە لە(٤٥٠) کەس کە (٢٢٥) دایک و باوک و (٢٢٥) منداڵ بوە. بۆ نمونەی شیکاری ناوەرۆکەکە توێژەر (١١٧) زنجیرەی فیلم کارتۆنی وەرگرتوە لە هەردو کەناڵەکە. سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوەکە سێ ئامراز بەکارهاتوە فۆرمێک تایبەت بە شیکاری ناوەرۆکی فیلم کارتۆنەکان فۆرمێکی ڕاپرسی تایبەت بە منداڵان و فۆرمێکی تایبەت بە دایک و باوکان. بۆ دەرهێنانی ڕاستی و دروستی ڕێگەی ڕواڵەتی بەکارهێندراوە، بۆ دەرهێنانی جێگیری ڕێگەی دوبارە تاقیکردنەوە بەکارهێندراوە.سەبارەت بە کەرەستەی ئاماری هەریەکە لە (ڕێژەی سەدی و پێوانکاری لیکرت و تی تێست) بەکارهیندراوە. بەپێی ئەنجامەکان بەهای ئەرێنی زیاتر باڵادەستبوە لەناو فیلم کارتۆنەکاندا و بەهای (هاوکاری) زۆرترین دوبارەبونەوەی هەبوە. هەروەها لەو فیلم کارتۆنەنەدا کە توێژینەوەکەی لەسەر کراوە (توندوتیژی) لە لایەنە نەرێنیەکاندا پلەی یەکەمی وەرگرتوە هەروەها (ئەندێشەی قوڵ و فراوان) لە لایەنە ئەرێنیەکاندا پلەی یەکەمی وەرگرتوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە و ڕێکاریەکانی

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی وەسفی.

**کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم دایک و باوکانی قوتابیانی باخچەی منداڵانی سنوری شاری سلێمانی کە بریتیبوە لە (١٢٧٨٦) قوتابی کە دایک و باوکیان وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەستنیشان کراون. نمونەی توێژینەوەکە بریتیبوە لە (٣٧٥) دایک و باوک کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی مەبەستدار وەرگیراون.

**ئامرازی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری سەبارەت بە گۆراوی توێژینەوەکە توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی فۆرمێکی ڕاپرسی کە پێکهاتبوە لە (٥٩)برگە، کە برگەکان کۆکرابونەوە لە ئەنجامی ڕاپێویەکی سەرەتایی کە توێژەر هەستابو بە ئەنجامدانی، هەروەها سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشو خوێندنەوەو بەدوداچونی خودی توێژەر.

**ڕاستگۆیی:** توێژەر بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستی و دروستی پەنای بردۆتە بەر ڕاستگۆی ڕواڵەتی کە مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە ئەوەیە کە ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا، تاچەند دیاردەکە دەپێوێت. بۆ ئەو مەبەستەش برگە و پرسیارەکان، پیشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە ئەدرێت، بۆئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەرببڕن (بۆکانی: ٢٠٢٠: ١٥٤).

پاش وەگرتنی ڕای (١٣) پسپۆرو شارەزای بواری پەروەردە و ڕاگەیاندن سەبارەت بە برگەکانی پێوانکارەکە، ڕای زۆرینەی پسپۆران بەو جۆرە بو کە هەریەکە لە برگەکانی (٥٠ و ٥٩) دوربخرێنەوە و برگەی (٦) بکرێتە دو برگەی جیاواز. کەواتە پێوانکارەکە بەشێوەی کۆتایی پێکهاتبو لە (٥٨) برگە. بۆ وەرگرتنی ڕای زۆرینە پشت بە ڕێژەی سەدی بەستراوە. بەپێی بۆچونی (د. سابیر بۆکانی) هەر برگەیەک زۆرینەی پسپۆران بەباشیان دانا دەمێنێتەوە و هەر برگەیەکیش زۆرینەی پسپۆران بەخراپیان دانا دوردەخرێتەوە. (بۆکانی،١٥٤،٢٠٢٠)

**جێگیری:** بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژەر دو ڕێگای ئاماری بەکارهێناوە، کە بریتین لە هاوکێشەی ئاماری (ئەلفا کرۆنباخ) بۆ دۆزینەوەی پێکەوە گونجاوی ناوەیی (اتساق الداخلی)، و هاوکێشەی (گێتمان) بۆ دابەشکردنی نیوەیی. توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی (100) فۆرمی وەرگرتوە و باش ئەنجامدانی کردە ئامارییەکان، هاوکۆلکەی جێگیری پێوەرەکە بەپێی هاوکێشەی (ئەلفا کرۆنباخ) بریتیبو لە(0,857). و بەمەبەستی جەختکردنەوە لە ئەنجامەکە توێژەر هاوکێشەی (گێتمانی) جێبەجێکردوە لەسەر پێوەرەکە کە تایبەتە بە دابەشکردنی نیوەیی (تجزئة النصفية) لە ئەنجامدا هاوکۆلکەی جێگیری پێوەر بەپێی هاوکێشەی (گێتمان) بریتیبو لە (0,876). کە ئەم ئەنجامەش بە ئاستێکی جێگیری باش دادەنرێت بە بەراوردکردنی بە توێژینەوەکانی پێشو.

**کەرەستە ئامارییەکان:** بەمەبەستی شیکردنەوەو هەژمارکردنی داتاکان توێژەر سودی لە کۆپرۆگرامی (SPSS) وەرگرتوە و تیایدا ئەم هاوکێشە ئاماریانەی بەکارهێناوە:

- هاوکێشەی ئاماری کرۆنباخ

- هاوکیشەی ئاماری گێتمان
- تی تێست بۆ یەک نمونەی سەربەخۆ(One Sample T.Test)
- تی تێست بۆ دو نمونەی سەربەخۆ(Two Independent T.Test)

## خستنەڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### ئەنجامەکان:

**ئامانجی یەکەم:** (کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە بەشێوەیەکی گشتی)

لەکاتی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی بۆ نمونەی توێژینەوەکە (هەمو سامپڵەکە) لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی، دەرکەوت، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری (دلالة الاحصائية) هەیە لەنێوان ناوەندیی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی بەجۆرێک ناوەندی ژمێرەیی(190،٣٥) بو لەبەرامبەر ناوەندی گریمانەیی کە (171) بو لەئاستی ئاماژەیی(5%) بەوپێیە ناوەندی ژمێرەیی گەورەتر بو لە ناوەندی گریمانەیی. بەبەکارهێنانی (تی تێست) بۆ یەک نمونە (One sample t. test)، دەرکەوت، کە نرخی تائی هەژمارکراو(33،3) بو، کە گەورەتر بو لە نرخی تای خشتەیی، کە (1،650)بو، بەلادانی پێوەری(26،81)، نمرەی سەربەستی (درجە حرية)(349). هەروەک لە خشتەی ژمارە(1) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(١)

دەرئەنجامی ئامانجی یەکەم ڕوندەکاتەوە

| ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی سەربەستی | نرخی تای هەژمارکراو | نرخی تای خشتەیی | ئاستی ئاماژەیی ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 350 | ١٩٠،٣٥ | ٢٦،٨١ | 171 | 349 | 33،٣٨٣ | ١،٦٥ | ئاماژەدارە |

کەواتە ئەنجامەکان لەئامانجی یەکەم ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە کە فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لە گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە بەشێوەیەکی گشتی.

**ئامانجی دوەم:** (دۆزینەوەی جیاوازی لەنێوان (نێر، مێ) سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە)

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستوە، کە ناوەندی ژمێرەیی کچان(192,69)بو،و ناوەندی ژمێرەیی کوڕان (187,34)بو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ کچان(26,95)بو، وەلادانی پێوەری بۆ کوڕان (26,49)بو، پاش بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو نمونەی سەربەخۆ(Two Independent Sample T.Test). دەرکەوت کە نرخی تائی هەژمارکراو بریتی بولە(1,957)، کە بچوکتربو، کە نرخی تای خشتەیی کە بریتییە لە(1,967). کەواتە لە ئەنجامەئامارییەکانەوە دەگەینە ئەوەی، کە هیچ جیاوازییەک نییە، کە نرخی بەڵگەداری ئاماری هەبێت لەنێوان کچ و کوڕاندا سەبارەت بەکاریگەری فیلم کارتۆن لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە. هەروەک لە خشتەی ژمارە(٢) دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(٢)

جیاوازی نێوان نێر و مێ ڕوندەکاتەوە

| ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی سەربەستی | نرخی تای هەژمارکراو | نرخی تای خشتەیی | ئاستی مانادارى |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕ | 16٢ | 187,34 | 26,49 | 34٨ | 1,957 | 1,9٦7 | مانادارنیە |
| کچ | 188 | 192,69 | 26,95 | | | | |

**ئامانجی سێیەم:** (دۆزینەوەی جیاوازی ئاماژەی ئاماری نێوان باخچەی منداڵانی (حکومی) و (تایبەت) سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە).

سەبارەت بەم ئامانجە پاش بەکارهێنانی کەرەستەی ئاماری پێویست. دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی باخچە حکومییەکان بریتیی بولە(191,80) وەلادانی پێوەری بریتی بولە(27,00)،لەکاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی بۆ باخچە تایبەتەکان(185,96)بو، وەلادانی پێوەری بریتی بولە(25,97)، وەپاش جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی

تائی بۆ دو نمونەی سەربەخۆ(Two Independent Sample T.Test) دەرکەوت نرخی تائی هەژمارکراو دەکاتە(1,789)کە بچوکترە لە نرخی تائی خشتەیی، کە دەکاتە(1,967). بۆیە هیچ ئاماژەیەکی ئاماری نییە سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە. بەپێی جۆری باخچەی(حکومی – تایبەت). هەروەک لە خشتەی ژمارە(٣) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(٣)

جیاوازی نێوان باخچەی حکومی و نا حکومی ڕوندەکاتەوە

| جۆری باخچە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی تای هەژمارکراو | نرخی تای خشتەیی | نمرەی سەربەست | ئاستی ماناداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | 25٨ | 191,80 | 27,00 | 1,789 | 1,967 | 34٨ | مانادار نییە |
| تایبەت | 9٢ | 185,96 | 25,97 | | | | |

کەواتە بەپێی ئەنجامی ئەم ئامانجە بێت کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان بۆ گۆڕاوی باچخەی (حکومی) و (ناحکومی)هەمان ئەنجامی هەیە و جیاوازی نییە لە نێوانیاندا، کە هۆکاری ئەمەش بەپێی بۆچونی توێژەر، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە منداڵانی باخچەی حکومی و ناحکومی ســــەیری هەمان فیلم کارتۆن دەکەن کە دۆبلاژکراوە بەو پێیەی هەردو نمونەکە هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتیان هەیە و بەرکەوتەن لەگەڵ هەمان دەزگاو ئامرازی ڕاگەیاندن.

**ئامانجی چوارەم**: دۆزینەوەی گرنگترین کاریگەریە باش و خراپەکانی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەسەر بەهاو ڕەفتاری منداڵ لەرونگەی دایک و باوکانەوە.

بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوتوە کە گرینگترین ئەو بەهاو ڕەفتارە باشانەی منداڵان فێری دەبن لە ڕێگەی فیلم کارتۆنەکانەوە بە پلەی یەکەم بریتییە لە بەهای (تەندروستی) پاشان باهای (پاک وخاوێنی) با پلەی دوەم دێت و دوای ئەویش باهای (ڕێزگرتن) پلەی سێهەمی گرتوە دواتر بەهای (زیرەکی) پلەی چوارەمی گرتوە.

سەبارەت بە گرنگترین ئەو باهاو ڕەفتارە خراپانەی منداڵ فێری دەبێت لەڕێگەی فیلم کارتۆنەکانەوە بەپێی ئەنجامەکان، بە پلەی یەکەم بریتییە لە ڕەفتاری (سوکایەتی و بێڕێزی کردن) پاشان ڕەفتاری (جنێودان و

دەمپیسی) بە پلەی دوهەم دێت و دوای ئەویش ڕەفتاری (دورویی و درۆ) پلەی سێهەمی گرتوە دواتر ڕەفتاری (ناو ناتۆرەو سوکایەتیکردن) پلەی چوارەمی گرتوە.

## ئەنجام:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتوە، توێژەر پێیوایە فیلم کارتۆن لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بون و پەروەەردەدا ڕۆڵی گرنگی هەیە و هۆکارە بۆ کامڵبونی ڕەفتاری و ویژدانی منداڵان بەتایبەتی لە قۆناغی پێش چونە قوتابخانە، بەمەرجێک ئەو فیلم کارتۆنانە بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی سەردەمیانە کاری دۆبلاژ و بەرهەمهێنانی بۆ بکرێت.

لەلایەکی ترەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە، توێژەر بۆچونی وایە کە دەکرێت فیلم کارتۆنەکان لەگەڵ بونی کاریگەرییە ئەرێنیەکان، ڕۆڵی نەرێنی بگێرن لە تێکدان و شێواندنی ڕەفتارو بیرکردنەوەی منداڵان لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیاندا بەتایبەتی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان، چونکە بەرهەمی کۆمەڵگەکانی ترە و زۆر جار ناوەڕۆکەکەی نا کۆکە لەگەڵ بەها و کلتوری کۆمەڵگەی کوردی، بۆیە جێی خۆیەتی ئەم بابەتە گرنگی زۆری پێبدرێت و فەرامۆش نەکرێت چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە داهاتوی نەوەکانمانەوە هەیە.

بەگشتی توێژەر گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانە:

1. فیلم کارتۆنەکان دەتوانن ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبێت لەسەر باشکردن و دروستکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵان، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی کاری دۆبلاژیان بۆ بکرێت.
2. لە گرنگترین ئەو لایەنانەی، کە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کاریگەری هەیە لەسەری سەبارەت بە منداڵان بریتییە لە لایەنی ڕەفتاری و ڕەوشتی بەهەردو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنییەوە.
3. گرنگترین ئەو بەهایانەی کە منداڵان فێری دەبن لەڕێگەی فیلم کارتۆنەدۆبلاژکراوەکان وە بریتییەلە بەهای (تەندروستی) و بەهای (پاکوخاوێنی) و پاشان بەهای (ڕێزگرتن)، کەئەم بەهایانەش لە گرنگترین و باڵاترین بەها پەروەردەییەکانن.
4. گرنگترین کاریگەریە نەرێنیەکانی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەسەر منداڵان بریتییە لە کاریگەری لەسەر تێکدانی ڕەفتارە پەسەندکان و گۆڕینی بەرەفتار و بیرکردوەی ناپەسەند، کە بەپێی بۆچونی دایک وباوکان فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر بەلارێدابردن و فێرکردنی درۆو بێرێزیکردن بەرامبەر

بە كەسانی ترو فێربونی هەندێ ئاماژە و ڕەفتاری ناپەروەردەیی وەک جنێودان و ناوناتۆرەو گوێنەگرتن لە كەسانی گەورەو ڕێزنەگرتن لە كەسانی بەتەمەن.

## ڕاسپاردەكان:

١- پێویستە لەسەر دایک وباوک، كە ڕێنمایی تایبەت بە منداڵەكانیان بدەن سەبارەت بە كاتی سەیركردنی تەلەفزیۆن بەگشتی و فیلم كارتۆنە دۆبلاژكراوەكان بەشێوەیەكی تایبەتی.

2-زیادكردنی چاودێری دایک وباوک بەسەر منداڵەكانیانەوە سەبارەت بەو بابەت و بەرنامەو فیلم كارتۆنانەی سەیری دەكەن، بەتایبەتی كاتێک منداڵ لە ڕێگەی ئایپاد و مۆبایلەوە سەیری ئەو شتانە دەكەن، چونكە دنیایەكی فراوان و بێ سانسۆرە و منداڵ پەلكێش دەكات بەرەو بابەت و دیمەنی ناپەروەردەیی و زیان بەخش.

3-هاندانی منداڵان بۆسەرقالبونی بەچالاكی جۆراوجۆرەوە جگەلە فیلم كارتۆن و دانیشتن بەدیار شاشەكانەوە وەک وەرزش و وێنەكێشان ومیوزیک و....هتد.

4-چاودێریكردنی ئەو دەزگاو كەس ودامەزراوانەی كاری دۆبرلاژكردن دەكەن بۆ فیلم كارتۆنەكان بەجۆرێک ڕێگە بەبەرهەمی بێ سودو ناپەروەردەیی نەدرێت بۆ پەخشكردن و پێویستە چاودێریكردنەكە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە بێت و زۆربە توندی مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا بكات.

5- دامەزاندنی دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بەكاری دۆبلاژكردن بەتایبەتی دۆبلاژكردنی فیلم كارتۆن، كە دەزگاكە لەلایەن كەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبواری ڕاگەیاندن و پەروەردە و دەرونزانییەوە سەرپەرشتی بكرێت.

6-هاندان و پشتیوانیكردنی دامەزراو ستۆدیۆكانی بەرهەمهێنانی هونەری و دۆبلاژ. بەمەبەستی بەرهەم هێنانی فیلم كارتۆنی كوردی تایبەت، كە لەڕوی كوالێتیەوە بەرزبێت ولەڕوی پەروەردەیی و دەرونییەوە گونجاو بێت و تایبەت بێت بە فێركردن و چاندنی بەها و ئاكاری جوانی كۆمەڵگەی كوردی.

## پێشنیارەكان:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی تایبەت بە شیكاری ناوەرۆک بۆ ئەو فیلم كارتۆنانەی لەكەناڵەكانەوە پەخشدەكرێن.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە ڕۆڵی کەناڵەکانی تایبەت بە منداڵان لە ئاراستەکردنی منداڵان لەڕوی ڕەفتاری و ویژدانیەوە.

٣-ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ورد سەبارەت بە ئامانج و مەبەستی پشت بەرهەمهینانی  هەندێ لە فیلم کارتۆنەکان.

٤-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە ئاستی گونجانی ناوەرۆکی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ بەها باوەکانی  کۆمەڵگەی کوردی.

٥-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە کاریگەریی فیلم کارتۆنەکان لەسەر پاراوی زمانی منداڵان لە قۆناغی پێش چونە قوتابخانە.

٦-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە ڕۆڵی کەناڵە بیانییەکان تایبەت بە منداڵان لە فێربونی زمانی دوەم لای منداڵان.

# The effect of Translated Film Cartoons in Increasing Educational Values on Children of Kindergartens from the vision of their parents

**Karzan jamal hussain[1] - Kareem shareef Qarachatani[2] - Karwan Mohamed Hassan[3]**

[1]Kindergarten Department, College of Basic Education University of Sulaymaniyah, Sulaymaniyah ,Kurdistan Region, Iraq .

[2]Department of Special Education, College of Basic Education, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

[3]Media Department, College of Humanities, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The objective of this research is to decide how translated film cartoons affects in increasing educational values on children of kindergartens from the vision of their parents. Moreover, to realize how these film cartoons have an effect on children within the determination of the level of their efficacy according to the difference in (gender and type of their kindergartens), then the identification of consequential positive and negative aspects of these translated film cartoons on children. The author used qualitative analysis within a

survey and questionnaire forms as a tool for this survey which were filled out by the parents of children of kindergartens inside the Sulaimani city, the researcher used systematic random sampling for the questionnaire within 350 parents. Eventually this study proved that translated film cartoons have effects in an educational value of children from kindergartens, however it confirmed that the difference in gender and type of kindergartens have not any roles in the efficacy of translated film cartoons on children of kindergarten according to their parent's point of view, hence the efficacies either on male and female children also children from private and public kindergartens are the same. Beside this, according to the results the most important superb values which children will learn from translated film cartoons are about (health, hygiene and esteem), however the most harmful behaviors that children will take from these film cartoons are the behaviors of (insulting, cursing and lying).

**Keywords:** Translated Film Cartoons, Educational Values, Children, Kindergarten.

## سەرچاوەكان:

بو دويرة و بوخميلة، سمية ويسرى(2019)، الرسوم المتحركة فى قنوات الاطفال وتبني سلوک عنف لديهم، جامعة محمد بن يحى الجيجل، جزائير.

بوعفيط، سفيان(2012)، قيم الشخصية فى ضل تغيير الاجتماعى و علاقتها بالتوافق المهنى، جامعة منتورى، جزائير.

بۆكانى،د.سابير بكر(٢٠٢٠)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

بۆكانى، د.سابير بكر(٢٠٢٠)،ئینسایكلۆپیدیای زانستە دەروونییەكان، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

تمار، ناجى(2006)، تأثير برامج الاطفال فى تلفزيون الجزائيرى، جامعة الجزائير.

حسن، حمدى(1987)، مقدمة فى دراسة وسائل واساليب الاتصال، دار الفكر العربى، قاهرة.

حلومى، منار(2013)، رسوم المتحركة واثرها على قيم الاجتماعية للطفل، جامعة بعث، حماه.

حولى، عليان عبدالله (2004)، قيم المتضمنة فى الافلام الرسوم المتحركة، دراسة التحليلية، جامعة الاسلامية، غزة.

ختاتنة و نوايسة، سامى محسن و فاطمة عبدالرحيم(2011)، غلم النفس الاجتماعى، دار الحامد للنشر وتوزيع، اردن.

خروبة، عبداللطيف(2010)، الرسوم المتحركة واثرها في عقيدة الطفل و قيمه، مجلة منتدى الاسلامى، بريطانيا.

درويش، زين عابدين(1999)، علم النفس الاجتماعي وتطبيقاته، دار القكر العربي، مصر.

الدليمى، عبدالرزاق حمد(2012)، مدخل الى وسائل الاعلام الجديد، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان.

رشوان، حسنين عبدالحميد احمد، (2002)، تنشيئة الاجتماعية والمجتمع، مكتب عربي الحديث للنشر والتوزيع، اسكندرية.

زاهر، ضياء(1996)، القيم فى عملية التربوية، مركز كتاب للنشر، مصر.

زيان، خليل مصباح(2012)، فاعلية برامج الرسوم المتحركة فى اكتساب المفاهيم الاسلامية الضرورية لدى طلبة مرحلة الاساسية، جامعة الاسلامية، غزة.

زيود، زينب(2012)، اسس معيارية لاختيار قيم التربوية و وضع الاهداف التربوية، مجلة العلمية، عدد2، مجلد28، جامعة اسيوط، مصر.

سلمان، عبدالباسط(2005)، عولمة القنوات الفضائية، دار الثقافة للنشر، مصر.

السيد، محمد عبدالبديع(2008)، اثر قنوات الفضائية غلى قيم الاسرية، ط1، دار العربي للنشر والتوزيع، قاهرة.

شربل و ابى فاضل، ترجمة: ڕحيم سابير(2004)، جان جاك ڕوسو، مطبعة شفان، سليمانى.

شريف، داليا معين(2019)، الفيم فى الرسوم المتحركة المدبلجة للعربية و مدى توافقها قيم المجتمع العربى، جامعة شرق الاوسط، اردن.

شهدي، عائيشة سعيد علي(2010)، نماذج من القيم التى تعزيزها الرسوم المتحركة المخصصة للاطفال من وجهة نظر التربية الاسلامية، جامعة ام قرى، السعودية.

صابرى، رميسة(2019)، القيم المتضمنة فى شارات الرسوم المتحركة اليابانية المدبلجة للغة العربية، جامعة العربي بن مهيدى، الجزائير.

صالح، قاسم حسين(1981)، تلفزيون والاطفال، دارالثقافة الاطفال، بغداد.

طال، حسناء محضر(2019)، افلام ڕسوم المتخركة وتأثيرها على سلوك الطفل الروضة من وجه نظر امهات، مجلة البحوث التربوية، عدد63، مجلد 16، بغداد.

طبال و ڕتيمى، د.لطفيةو د.اسماء(2018)، دلالة سيسيولوجية للقيم، جامعة يحى فارس، جزائير.

عامر، مصباح(2002)، تنشيئة الاجتماعية و سلوك الانحراف للتلميذ الثانوي، ديوان مطبوعات الجامعية.جزائير.

عبدالصاحب، منتهى مطشر(2011)، انماط الشخصية على وفق نظرية الانيكرام والقيم وذكاء الاجتماعي، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان.

عبدالعزيز، ايناس محمد(2000)، القيم التربوية المتضمنة فى قصص الاطفال الاجنبية من حلقة الاولى من تعليم الاساسي، جامعة حلوان، مصر.

عبدالهادى، محمد بشير محمد(2011)، قيم التربوية فى مناهج الاسلام و اندماجها فى مناهج الدراسية، شركة القناة للطباعة، سودان.

عتوم واخرون، عدنان يوسف و شفيق فلاح و عبدالناصر زياب(2014)، علم النفس التربوي (نظرية والتطبيق)، ط5، دار المسيرة للنشر والتوزيع.اردن.

عكاشة، محمد فتحى(1997)، مدخل الى علم النفس الاجتماعى، مكتب جامعي الحديث، اسكندرية.

عوف، غادة محمود ابراهيم(2017)، تأثير رسوم المتحركة على الطفل الروضة ايجابيا و سلبيا، دراسة تحليلية، جامعة مجمعة، سعودية.

فهمي، نورهان منير حسن(1999)، قيم التربية للشباب من منظور الخدمة الاجتماعية، مكتب جامعي الحديث، اسكندرية.

قەرەچەتانی،د.کەریم شەریف(٢٠٠٢)،سایکۆلۆجیای زمانی منداڵ (قۆناغی پێش چونە قوتابخانە)،چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

قەرەچەتانی،د.کەریم شەریف(٢٠٢٠)،ڕێنمای و چارەسەری دەرونی.چ٢،چاپجانەی زبان ملح،ئیران.

محمود، رفيقة سالم(1996)، تأثير تلفزيون على الاطفال(ثقافة الطفل بين تعلم والاعلام)، دار الجامعة الجديدة للنشر، اسكندرية.

نشواتي، عبدالمجيد(1989)، علم النفس التربوي، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان.

نعيمة، احمد محمد(2002)، تنشيئة الاجتماعية وسمات الشخصيات، ط1، دار الثقافة العلمية، مصر.

مهنا، فريال(2002)،علوم الاتصال والمجتمعات الرقمية،دار الفكر،دمشق.

البشر، محمد بن سعود(2003)، قصور النظرية فى دراسات الاعلامية، مجلة العربية للعلوم الاعلامية، عدد88، الرياض.

Khanm، kholod(2014)، children and modern technology: hours of isolation, introversion and violence : ending with mental disabilities، Ryadh.

www.en.oxforddictionaries

وسائل الإعلام أكثر تأثيرا في الأطفال من الوالدين والمدرسة | أخبار أسلوب حياة | الجزيرة نت(aljazeera.net)